دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە:٥٤٩
www. kurdistanukurd.com
دووشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٩ ـ٢١ی دیسامبری ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن • ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

قاسملوو، هزرێکی نەمر
٥

مافی مرۆڤ

بێدەنگیی میللی سەبارەت بە دۆخی کەبوودوەند
٦

کوردستانی

هاوکێشەی ڕێکخستن و هێز
٧

ئەندێشە

دێموکراسی لە نێوان ئازادی و دیکتاتۆری دا
١٠

### کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# پێویستە رووحی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بە خەللاقییەتەوە بپارێزین

### راگەیاندراو:

## بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە رادەگەیەنێ کە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە لە رۆژەکانی ٢٤ تا ٢٦ ی سەماوەز بەرامبەر بە ١٥ تا ١٧ ی دێسامبر بە بەشداریی نزیک بە تـەواوی ئەندامانی کۆمیتەی نـاوەنـدی و جێگر و راوێژکارەکان بەڕێوە چوو، پاش سێ رۆژ کاری چڕ و پڕ و پەسند کردنی کۆمەڵێک بڕیار و راسپاردەی گرینگ بە سەرکەوتنەوە کۆتاییی بە کارەکانی خۆی هێنا.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد. ئینجا بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان راپۆرتێکی سیاسیی لەسەر هەلومەرجی نێونەتەوەیی و بارودۆخی ئێران و کاردانەوەیان لەسەر خەبات و تێکۆشانی حیزب و گەلەکەمان پێشکەش کرد. لە سەرەتای لێکدانەوە سیاسییەکەی هاوڕێ سکرتێری گشتیدا، ئاوڕێک لە دوایین ئاڵوگۆڕ و گەشەسەندنەکانی پێوەندیدار بەو قەیرانانەی کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکـی‌دا خوڵقێنەر و گرفتاریانە درایەوە. کێشەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ رێژیم لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی کە بۆتە هۆی تەسکتر بوونەوەی بازنەی تەوژم و گەمارۆکانی سەر ئێران و هەروەها رەوتی روو لە لێژیی جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە خانەی پرسە گرینگەکانی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک گرینگترینی ئـەو قەیرانانە ئیشارەیان پێ کرابـوو. لێکدانەوەی سیاسیی سکرتێری گشتیی حیزب، وێرای خستنە رووی هەر یەک لەو سیناریۆیانەی دەکرێ لە ئاکامی ئەم گەشەسەندنانەدا بێنە پێش، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سیناریۆیەکان چ لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کۆماری ئیسلامی و دنیای دەرەوە و چ لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانە سیاسییە نێوخۆیی‌یەکان‌دا هەرچییەک بن، پێویستە ئێمە لە خانەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمانەوە خوێندنەوە و راڤە بۆ رووداوەکـان بکەین و هەر بەو پێیەش سیاسەت و هەڵوێستەکانمان دابڕێژین. هەر لەو سۆنگەیەشەوە، راپۆرت ئاماژەی بەوە کردبوو کە پێویستە زەق کردنەوەی پرسی دێموکڕاسی و مافی مـرۆڤ کە بەخۆشییەوە ئێستا جیهانی دەرەوە لە مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا بایەخی زیاتر لە رابردووی بۆ دادەنێ قووڵتر و بەربەرینتر بکرێتەوە.

سەبارەت بە پێوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سـەرەڕۆ لـە ئێراندا، لێکدانەوەی سیاسیی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەگەرچی ئێستا بزوتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک بە گوڕ و تین و بەربڵاویی مانگەکانی پاش کودێتای هەڵبژاردنی سەرکۆماری نابیندرێ، بەڵام پۆتانسییەلی ئەو بزوتنەوەیە هەر لە جێگای خۆیەتی و بگرە زیاتریش بووە. لەگەڵ ئەوەدا کە کۆماری ئیسلامی لە رێگای مافیای دەسـەڵات و سیاسەتی سەرکوتەوە هەروا درێژە بە جەوری دەیان ساڵەی خۆی دەدا،بەڵام برە پێگەیەکی کۆمەڵایەتییش کە رەنگە ئەو رێژیمە مابێتی، رۆژ بە رۆژ و بە شێوەیەکی خێرا و بەربڵاو روو لە کەمبوونەوە و لەنێوچوونە. لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانیشدا، هەڵسەنگاندنی سیاسیی سکرتێری گشتیی حیزب ئـەوە بـوو کە سـەرەڕای درێژەدرانی روانینی ئەمنییەتی بۆ کوردستان، رووحی بەربەرەکانی و هەستی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی رۆڵەکانی کورد هەردەم لە زیاد بووندایە. لەو پێوەندییەدا راپۆرت ئیشارەی بەوە کرد ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوت و روانینی ئەمنیەتی بۆ کوردستان، لەو ماوەیەدا هەوڵمان داوە خۆ لەوە بپارێزین کە رێکارەکانی خەباتی خەڵکی بە ئاقارێک دا ببەین کە بیانووی سەرکوتی زیاتر بە رێژیم بدەین. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە ئەو رووحە خۆراگری‌یەی خەڵکی کـوردسـتـان بـە خەللاقییەتەوە بپارێـزین و پەروەردەی نەتەوەیی نەوەی نوێش پەرە پێ بدەین.

ل ٣



پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژانی ٢٤تا ٢٦ی سەرماوەز بە بەشداری نزیک بە تەواوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی و جیگرو راوێژکارانی بەڕێوەچوو و تێیدا کۆمەڵێک بڕیار و راسپاردە سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان پەسندکرا.

لە راپۆرتی سیاسی بەڕێز خالید عزیزی سکرتیری گشتی حیزب دا بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە کە پێویستە لەم قۆناغەدا رووحی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بە خەللاقییەتەوە بپارێزرێ و پەروەردەی نەتەوەیی نەوەی نوێ پەرە پێ بدرێ.

سکرتیری گشتی حیزب لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەی خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی تەعامولی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانەی سەرانسەری ئێران لە سەر ئەوە پێی داگرتەوە کە پێویستە کورد لە سەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ئەو بزووتنەوە خەڵکیە دەوڵەمەند بکا.

(لەم بارەیەوە راگەیەنراوی دەفتەری سیاسی لەم ژمارەیەی کوردستان دا بخوێنەوە)

### پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حدک:

## هەڵدانەوەی لاپەڕە رەشەکان بەزمانێکی نادۆستانە هیچ خزمەتێک بە بزووتنەوەی کوردستان ناکا

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوایین پلینۆم دا هەڵوێستی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو شەڕە میدیاییەی کە لەم دوایانەدا لە نێوان لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و کومەڵەدا هاتۆتە ئاراوە، راگەیاند و لەم پێوندییەدا سەنەدێکی پەسند کرد. کومیتەی ناوەندیی حیزب پێی وایە کە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە زمانێکی نادۆستانە و بەشێوەیەکی یەک لایەنە ئاوڕی لە شەڕی زیانباری نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە داوەتەوە و ئەو شێوە هەڵوێست گرتنەش بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان نازانێ.

کومیتەی ناوەندیی حیزب هەروەها رایگەیاند کە لە شەڕی براکوژی دا نە براوەو نە دۆڕاوێک هەیەو نە هیچ لایەنیکیش بێ خەتایە، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە لە هەڵدانەوەی لاپەڕە رەشەکاندا هەر کام لە لایەنەکان قبوڵ بکەن کە بە نۆرەی خۆیان بە شێک لە بەرپرسایەتیی کارەساتەکە دەکەوێتە سەر شانیان و ئازایەتی لەوەدایە کە هەموان دان بە هەڵەکان دا بنێن و هەست بە پژیوانی بکەن.

(دەقی پەسند کراوەکەی کومیتەی ناوەندیی لە لاپەرە ٣ی ئەم ژمارەیەی کوردستان دا بخوێنەوە)

### بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی

## رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب



بە مەبەستی رێزگرتن لە رۆژی ٢٦ی سەرماوز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب رێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو. لەو رێوڕەسمەدا کە بە بەشداری سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد.

دوابەدوای وتاری سکرتێری گشتی، پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی لە لایەن کاک برایم زێوەیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنە خوێندرایەوە و پاشانیش پەیامی هاوبەشی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوە. هەر لەو رێوڕەسمەدا لەوحی رێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشکەشی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرا کە زیاتر لە ٢٠ ساڵی تەمەنی خۆیان لە پێشمەرگایەتی دا تێپەڕ کردوەو تا ئێستاش لە سەنگەری خەبات دا بەردەوامن.

شایانی باسە بەشێک لە بەرنامەکانی ئەو رێورەسمە بۆ رێژەی نیزامی پێشمەرگە و خوێندنەوەی شێعر و چەند سروودێکی شۆڕشگێڕانە تەرخان کرا بوو.

(دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم ژمارەیەی کوردستان دا بخوێننەوە)

## ١١کەس لە بەلووچستان ئێعدام کران



ئاژانسەکانی هەواڵی کۆماری ئیسلامی بڵاویان کردەوە کە رۆژی دووشەممە ٢٩ی سەرماوەز، ١١ کەس بە تاوانی ئەندامەتی لە رێکخراوی جووندوڵڵا ئێعدام کران. ئێعدامی ئەو ١١ کەسە بە داوی تەقینەوەکەی رۆژی تاسوعا لە چابەهاردا دێ کە جووندوڵڵا تەقینەوەکەی بە ئەستۆگرت. لەو تەقینەوەیەدا ٣٩ کەس کوژران و زیاتر لە ٩٠ کەسی دیکەش بریندار بوون.

زۆربەی شارەزایانی ناوچەی بەلووچستان لە سەر ئەو باوەڕەن ئێعدامی ئەو ١١ کەسە لەم بارودۆخەدا، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژییەکانی ناوچەی بەلووچستان و ئەوەش لە قازانجی کۆماری ئیسلامی دایە.

### بەشداری هەیئەتێکی حیزب

## لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دێموکراتی کوردستان دا

رۆژی شەممە، ٢٠ی سەرماوەز هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بانگهێشتی رەسمیی پارتی دێموکراتی کوردستان و بە سەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب بەشداری لە رێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی لە شاری هەولێر کرد. کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی بە بەشداری ١٣٥٩ ئەندام و نزیکەی ٥٠٠ میوانی کورد و بیانی بەڕێوەچوو.

لەو رێوڕەسمەدا کە هاوڕێیان حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی و عومەر باڵەکی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر هاوڕێیەتی کاک خالید عزیزیان دەکرد، پەیامی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە پێشکەشی بەرپرسانی پارتی دێموکراتی کوردستان کرا.

شایانی باسە دوای تەواو بوونی کۆنگرەی ١٣ی پارتی، سکرتێری گشتی حیزب بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە و هەروەها هەڵبژێرانەوەی هەر دوو بەڕێزان مەسعوود بارزانی و نێچیروان بارزانی وەک سەرۆک و جێگری سەرۆکی پارتی بە جیا پەیامی پیرۆزبایی بۆ هەر دوو بەرێزان نارد.

(لە لاپەرە ٢ دا دەقی هەر ٣ پەیامەکە بخوێننەوە)

## پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دێمۆکراتی کوردستان

**جەنابی کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان!**
**دۆستانی هێژا لە سەرکردایەتیی پارتی دێموکرات!**
**ئەندامانی بەڕێزی سێزدەهەمین کۆنگرەی پارتی!**

بە ناوی کۆمیتە ناوەندی و سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە، گەرمترین سڵاو و پیرۆزباییتان بە بۆنەی پێکهاتنی سێزدەیەمین کۆنگرەی پارتە خەباتگێڕەکەتانەوە پێشکەش دەکەین.

گەلی کورد لە عێراق، لە ئاکامی دەیان ساڵ خەباتی سەخت و پڕ لە قوربانیدان و لە سێبەری یەکڕیزی و هاوخەباتیی هێزە تێکۆشەرەکانی دا و، بە هەوڵی سەرکردایەتییە سیاسییە شێلگیر و دووربینەکەی، توانیویە بە بەشێک لە ئامانجە لە مێژینەکانی بگا. رۆلی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی لە بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسیی دێموکراتیک لە هەرێمی کوردستان و، لە بەدیهێنان و جێگر کردنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقی نوێ دا، لە کەس شاراوە نییە.

ئێمە هیوادارین کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دێموکراتی کوردستان لەبەر رووناکایی ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی ٦٤ ساڵ مێژووی خەباتی ئەو پارتە و بە دەرکی ئەو پێگەو رۆڵ و کاریگەرییە گرنگەی، پارتی دیموکرات و سەرکردایەتییەکەی لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و لە ئاستی عیراق دا هەیانە، ئەرکەکانی خۆی لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتووانە جێبەجێ بکا. هیواشمان وایە، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وپێویستیی پشتیوانیی سیاسیی کاریگەر لە خەباتی رەوا و ئاشتیخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لەو بەشانە، لە باس و لێکدانەوە و بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە دا جێگای شیاوی خۆیان پێ بدرێ.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیەتان لێ دەکەین و سەرکەوتنی کۆنگرە لە سەرجەم کارەکانی دا بە ئاوات دەخوازین.

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٩ی دسامبری ٢٠١٠**
**١٨ی سەرماوەزی ١٣٨٩**

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەڕێزان کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

**پەیام بۆ سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان**
**وێرای رێز وسڵاو؛**

بە بۆنەی بەرێوەچوون و کۆتایی هاتنی سەرکەتوانەی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان وهەروەها بە بۆنەی هەڵبژیرانەوەی بەرێزتان بە سەرۆکی پارتی دیموکرات، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

هەروەک چاوەروان دەکرا کۆنگرەی سێزدەیەم نۆێنگەی پێداگرتنەوەی بەرێزتان لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد و پشتیوانیتان لە چارەسەری پرسی کورد لە وڵاتانی ناوچە بە رێگای هێمنانەو دیالۆگ دا بوو. کۆمیتەی ناوەندی و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێرای خۆشحالی دەربرین لە هەڵوێستی نەتەوەیی بەرێزتان و تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەکەتان، هیوادارن بریارو ئاکامەکانی ئەو کۆنگرەیە، هاندەری یەکیەتی و هاوپێوەندی لە ئاستی نەتەوەیی دا و، هۆکاری قووڵبوونەوەی گیانی یەکڕیزی و هاوکاری لە نێو هێزو رێکخراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دا بێت.

بۆ بەرێزتان سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانت دا بە ئاوات دەخوازم.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**
**خالید عەزیزی**
**٢٠١٠/١٢/١٩**
**٢٨ سەرماوەزی ١٣٨٩**



**پەیام بۆ جێگری سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان**
**لەگەڵ سڵاو ورێز:**

بە بۆنەی تەواو بوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر وەها بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەرێزتان بە جێگری سەرۆکی پارتی دێموکرات، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم و هاورێیانم لە رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان پێشکەش دەکەم. هەر لە رێگای بەرێزیشتانەوە، پیرۆزبایی لە سەرکردایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

بۆ جەنابت لە پۆست و بەرپرسایەتیی نوێ دا و بۆ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە جێبەجیکردنی ئەرک و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێزدەیەم دا سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**
**خالید عەزیزی**
**٢٠١٠/١٢/١٩**
**٢٨ سەرماوەزی ١٣٨٩**

## چالاکی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەرێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی بەرەو پیلی ٢٦ ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە چوون و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و وێنەی رێبەرانی شەهید و نووسینی دروشم ناو و بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز راگرت:

**سەردەشت و رەبەت**

لە ناوچەی رەبەت لە نێو شاری رەبەت و زۆربەی کوچە وکۆڵانەکانی شار، جادەی رەبەت مەهاباد تا گەردنەی زمزیران، مەیدانانی حەیوانان، شەقامی لەیلانە، کانی گوێز و دەوروبەری هەموو قوتابخانە و خوێندنگەکانی نێو شار و هەروەها لە گوندەکانی سیسێرو، نستان، سوێروێ، بناویلەی حاجی مینە ، لیلانە، گۆلی، نواوێ، دۆڵەتوو، جانداران، شیوەجۆ، پاراستان، وەرگێل و بەری نەڵاس تا دۆڵی واوان چالاکیی تەبلیغییان کردوە.



لە ناوچەی سەردەشتیش بە چالاکیی تەبلیغی لە جادەی سەردەشت – رەبەت، سەردەشت – نەلاس، سەردەشت – شەڵماش، سەردەشت – قولەسێروێ و لە نێو شاری سەردەشتیش لە سێ رای مارەغان، کانی مەڕی، شەبەکەی دوو، دۆڵتانچک، شارەداری، بەری قەبران، کەمەربەندی بەروە پیلی ٢٦ ی سەرماوەز، رۆژی پیشمەرگەی کوردستان چوون



**شنۆ**

نێو شاری شنۆ: پشتی ئیران خودرەو، دەوروبەری مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم، سەلیم ئابادی خوارێ، تاچیناوێ، چل میتری، سەیدئاباد، دەوروبەری مەدرەسەی سەعید ئەمینی، مەدرەسەی دانش، شاکرئاباد، سەلیم ئابادی سەرێ ، سەلیم ئابادی خوارێ و رەحیم ئاباد و ئاواییەکانی قەرەسەقەڵ، دێشەمسی چووک، دێشەمسی گەورە، باڵاگیر، کۆنەقەڵا، دەربەند، ئەمیرئاباد، پووشاوێ، بێتریان، شێخان، تاژاندەرێ، کانیە رەش، بابخاڵاوێ و قەڵاتیان.

**نەغەدە**

میراوێ، مەنتیقەی چیانە، گۆڕناوێ، مەنتیقەی حاجی خدری، مەیدانی سیگار، پشتی پادگانی وەلی عەسر، شەقامی سایەئاباد، شازدە دەزگا، شەقامی قادری، شەقامی پیرانشار، دەوروبەری بیمارستان و فەلەکەی شارەداری

**دێولان،**

شەقامی حێرفەیی، شەقامی وەرزش، شەقامی ئازادی، بڵواری کەشاوەرز، شارۆچکەی جەهادگەران، شارۆچکەی زاگرۆس، مەیدانی ئیمام شافیعی، تێرمیناڵی بڵواناوا، پۆمپی بێنزینی ناوشار و مەیدانی پەرچەم.

**قوروە**

شەقامی تەختی، سەید جەماڵەدین، بلواری کوردستان، فەرمانداری، ترمیناڵی دێولان _ تاران.

**مەریوان**

گەرەکەکانی جەنگەڵبانی، کوڕەی مووسەوی و دەوروبەری لە یادی ٢٦ ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەی بەربڵاو کاری تەبلیغیان بەرێوە برد.

**پیرانشار**

کۆنەخانێ، دۆڵی قسقەپان، سێ ڕای تەوحید، خیابانی مەلارەزا، گەڕەکی پاداش، دەوروبەری هەواشناسی و فەلەکەی محەممەد هەوراز.

**ورمێ**

حوسەین ئاباد، دەوروبەری ترمیناڵ، ترمیناڵی قەدیم لە مەرکەز، زانکۆی عیلمی کاربوردی، بەشێک لە شەقامی دەستغەیب، شارۆچکەی چایی، نەخۆشخانەی تاڵەقانی، بلواری شەهریار، جادەی ئەنهەر، فەلەکەی ئابیاری ، تەرەباری زانکۆی ورمێ و کارخانەی قەندی ورمێ. هەروەها لەرێگەی پۆستەوە تراکت بۆ ئەم شوێنانە بەرێ کراوە، ئیدارەی پۆست، کەشاوەرزی، فەرمانداری، حەوزەی ئینتزامی، کەڵانتەری ٢، ٤ و ٦، دادگای ئینقلاب، تەربیەت بەدەنی، سازمانی زیندانییەکانی پارێزگای ورمێ، کوشتارگا و گەرەکی سەنگەر.

**سائین قەڵا**

لە دەوروبەری بانکی سپە، بێهزیستی، پارکی فەدەک، مەدرەسەی کچانەی مەعسومە و گاراجی میاندواو بۆ تاران.

**بانە**

بازاری کەوشفرۆشان، ترمیناڵی هەژیر، دەورەبەری مزگەوتی ئیبراهیمی، شەهرەکی تەوحید، هەمزاوا، ساتاوا، دەوروبەری ماشێن شۆریی باران، دەوروبەری شوێنەکانی مزگەوتی حاجی کافیە خان، باشگای سەفەری، مەنابیعی تەبیعی، گومرک، بیمارستان، بیهزیستی، هونەرستان، مزگەوتی خدری، مزگەوتی نەویدی، جادەی بانە سلێمانی، فازی ١ و ٢، گولشەهر

**سنە**

شەقامی فیردەوسی، گوڵشەن، ١١ میتری، سیروس، ٦ ی بەهمەن، نمەکی، مەیدانی نەبووەت، عەباس ئاوای خوارێ و ژووری، فەرەجە، فەیزاوا و شەقامی ئاویەر.

## بەشداریی هەیئەتی حدک لەرێورەسمی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە

یەکشەممە ٢١ی سەرماوەز کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەرۆ لە شاری هەولێر، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بە هاورێیەتیی عومەر باڵەکی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، عومەر شاداب بەرپرسی ناوەندی ٣ی حیزبی دێمۆکرات و مامۆستا مەلا سمایل سوهرابی لە یادی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەشداریان کرد.

هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەلایەن بەرێزان بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە پێشوازیان لێ کرا.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنە دۆستانەیەدا هەیئەتی حیزب وێرای پیرۆزباییان بۆ یادی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشان، هیوایان خواست کە هەروەک رابردوو لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتی و تەبایی لە کوردستان و ئێراقدا سەرکەوتوو بن.

## بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە دانمارک

کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان



ویەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ویەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی روژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک رێورەسمێکیان بە مەبەستی رێزلێنان لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، روژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە برد.

لەو رێورەسمەدا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن ناسر پیرانی، بەرپرسی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

باس کردن لە رۆڵی بەرچاوی پێشمەرگە لە دەستەبەر کردن و پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد و قورسایی هێزی پیسمەرگە لە بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوایەتی بەشێکی گرینگ لە پەیامەکەی کومیتەی حیزب بەو بۆنەیەوە بوو.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی روژهەڵاتی کوردستان، بەرێوەچوونی کێبەرکێی جۆراوجۆر لە چەندین بواری مێژوویی وکۆلتوری وهونەری بۆ منداڵانی بەشدار و بەزمی شایی و هەڵپەرکێ چەند بەشێکی دیکەی ئەو رێورەسمەیان پێک دەهێنا.

# ڕوانینمان لەبارەی چۆنیەتیی ئاوڕدانەوە لە شەڕی زیانباری نێوان حیزبی دێموکرات وکۆمەڵە

**( پەسەند کراوی پلینۆمی کۆمیتەی ناوندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان)**

بڵاوبوونەوەی کتێبێک بە ناوی «٥سال لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی» کە لەودا کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەشێوەیەکی یەک لایەنەو بە زمانێکی نادۆستانە ئاوڕی وەسەر ڕووداوەکانی شەڕی زیانباری نێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە داوەتەوە مشتومڕێکی توندی میدیایی لەنێوان لایەنگرانی دێموکڕات و کۆمەڵە دا لێ ساز بووەو مە ترسیی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئەو فەزا ئارامەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهەوڵی دڵسۆزانەی هەموو لایەک لەنێو حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دروست بووە بشێوێنێ.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٨٩ی خۆی دا بەبایەخەوە ئەم مەسەلەیەی خستە بەرباس و بەدوای لێکدانەوەیەکی وردو هەمەلایەنەدا گەیشتە ئەم ئاکامانەی خوارەوە:

١-گومان لەوەدا نیە کە هەڵدانەوەی ورد و مونسیفانەی لاپەڕەکانی مێژووی ئەو چەند ساڵ نێوان ناخۆشی یەو لێکۆڵینەوە لە بەڵگەو دیکۆمێنتەکان شتێکی زۆر جیاواز لەگەل ئاکامگیری یەکەی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی دەردەخا.

٢-هەر لەوکاتەدا بڕوامان ئەوەیە کە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە ڕەشانەو وەردانەوەی ئەو ڕووداوە تاڵانە بەتایبەتی ئەگەر بە زمانێکی نادۆستانەو بە مەبەستی یەکترتاوانبارکردن بکرێ، بێجگە لە کولاندنەوەی کۆنەبرینەکان و تاودانەوەی ڕق وقینە ناسروشتی یەکان قازانجێکی نیەو خزمەتێک بە بزووتنەوەی ڕزگار یخوازانەی نەتەوە بەش خوراوو بەش کراوەکەمان ناکا.

٣- ئەگەر بەرپرسانە بۆ مەسەلەکە بچین دەزانین کە لە شەڕی براکوژی دا نە براوە و دۆڕاویک هەیە، نەهیچ لایەنێکیش بە تەواوی بێ خەتایە. گرنگ ئەوەیە هەرکام لە لایە نەکان قبوول بکەن کە بە نۆرەی خۆیان بەشێک لە بەرپرسایەتیی کارەساتەکە دەکەوێتە سەر شانیان. لە ڕاستی دا هەموو لایەنەکانی ئەو جۆرە شەڕانە کەم یا زۆرخەتابارن و ئازایەتی لەوەدایە هەموولایەک پەی بە هەڵەکانیان بەرن و لەوەی لەو پێوەندی یەدا کردوویانە هەست بە پەژیوانی بکەن.

٤-زۆر بەجێ دەبێ ئەگەر لە دەرفەتی گونجاودا هەموو لایەنەکان پێکەوەو بەگیانی یەکدڵی و هاوخەباتی یەوە هەوڵی خەسارناسیی ئەو شەڕانە بدەن،هەموو لا پێکەوە ئەو ڕووداوانە مەحکووم بکەن، ڕاشکاوانەو بێ پێچ وپەنا داوای لێبووردن لە تەواوەتی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی لە بنەماڵەی شەهیدان و بریندارن و کەم ئەندامانی ئەو شەڕو تێک هەڵچوونانە بکەن و لەوانەش گرنگتر میکانیزمێک بدۆزنەوە کە جارێکی دیکە بە هیچ پاساوێک ڕووداوی لەو چەشنە لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دا دووپاتە نەبێتەوە.

٥-هەلومەرجی ئێستای خەبات و پێویستیی بەرەنگاری یەکی یەکپارچە بەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان لێ دەخوازێ کە هەوڵەکانمان لەپێناوی دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش و میکانیزمی هاوبەشی کاری خەباتگێڕانەدا چڕ بکەینەوەو لەهەر کاروکردەوەیەک کە ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای هاوکاری و هاوخەباتی خۆ بپارێزین. هەر بەم هۆیەوەش ئێمە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی تێکهەڵچوونەکانی نێوان حیزب و کۆمەڵە خۆ دەبوێرین.

١٣٨٩/٩/٢٥
٢٠١٠/١٢/١٦

**درێژەی:**

## ڕاگەیاندراو: بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەوە

لە بەشێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی سیاسیی سکرتێری گشتیی حیزبدا ئیشارە بە مامەڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە داهاتووی ئێران کرابوو. لێرەدا ئەو ڕاستییە وەبیر هێنرابۆوە کە حیزبەکەمان لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری لە ئێران ئەوەی کە وەک حیزبێکی سیاسی دەبوو بیکا، کردی. هەڵوێستێک کە بەپێی لێکدانەوە سیاسییەکە لە خانەی زەمینەسازی بۆ پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئازادیخوازانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لە بزوتنەوەی بەربەرینی ناڕەزایەتیی خەڵکدا جێگیر بوو. ڕاپۆرتی سیاسیی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لێرەدا جەختی کردەوە کە پێویستە ئەو دینامیزمە لە هاوپێوەندی و هاوخەباتی و لێک نزیک بوونەوەی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران کە بەم جۆرە وەدەست هاتووە، بپارێزرێ و گەشەی پێ بدرێ. هەر لەو کاتەدا، ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو باوەڕەداین کە پێویستە کورد لەسەر بنەمای ناسنامەی خۆی ئەو بزوتنەوە خەڵکییە دەوڵەمەند بکا و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەوڵ بدرێ بۆ بەشداری لە پێکهێنانی تەفاهومێکی سەراسەریی هێزەکانی موخالفی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە پەرش و بڵاویی ئەو هێزانە.

لە کۆتاییی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزبدا ئاماژە بە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان لە حیزبەکەمان و لە سەرجەم هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابوو و ئەو ڕێکارانەش لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا دەستنیشان کرابوون کە لە ڕێگایانەوە دەتوانین ئەو هیوا و چاوەڕوانییانە بە نوختەی دڵخواز بگەیەنرێن.

پاش باسەکەی کاک خیالید عەزیزی، بەشدارانی پلینۆم ڕاپۆرتەکەیان بە سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان دەوڵەمەندتر کرد و ڕاپۆرتەکە وەک هەڵسەنگاندنی ڕێبەرایەتیی حیزب لە بارودۆخی ئێستا و هەڵوێست و هەنگاوەکانی داهاتوو بە پەسندی کۆمیتەی ناوەندی گەیشت.

لە بڕگەیەکی دیکە لە کارەکانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا، مەسەلەی پێوەندیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارامێترەکانی داهاتووی ئەو پێوەندییانە و هەوڵەکانی لەمەودوای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا تاوتوێ کران. لەو بەشەدا بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنج درایە مەسەلەی ئەو باس و خواسانەی لەم دواییانەدا لەپێوەندی لەگەڵ ڕابردووی نێوان ناخۆشیی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا لە مێدیاکاندا هاتوونە گۆڕێ. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو باوەڕەدا بوو کە قۆناغی ئێستای خەباتی کورد لە ئێران کۆمەڵێک بەرپرسایەتیی هەستیار دەخاتە سەر شانی هێزە خەباتگێڕەکانی کورد لەم وڵاتە کە سالمسازیی پێوەندیی نێوان ئەو هێزانە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم بەرپرسایەتییانەدایە و پێویستە هەر ئێستا هەنگاوی جیددیی بۆ هەڵبگیرێتەوە. بۆ ئەوەی سالمسازییەکی لەم چەشنەش وەدی بێ و پایەدار بمێنێتەوە، پێویستە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ڕووحی تەحەمول بەکردەوە ببنە سەرمەشقی ڕوانین و تەعامولی نێوان ئەم هێز و لایەنانە. ئەگەر قەراریش بێ ئاوڕ لە کێشە و ناکۆکییەکانی ڕابردوو بدرێتەوە، سەرفەنەزەر لەو خوێندنەوە تایبەتییە کە هەر هێز و لایەنێک دەکرێ لەو ڕابردووەی هەبێ، وەرد دانەوەی ڕابردوو تەنیا دەبێ بەمەبەستی دەرس لێوەرگرتنی بنیاتنەر و لە قازانجی گەلدا بێ، نەک هەوێنێک بۆ سەرهەڵدانەوەی دڕدۆنگی و بێ متمانەیی. شایانی باسە لەو پێوەندییەدا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی سەنەدێکی بە پەسند گەیاند کە بە زوویی دەخرێتە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی.

خاڵێکی دیکەی دەستووری کاری پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی تەرخان کرابوو بۆ ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لەو بەشەدا پاش ئەوەی هەیئەتی ئامادەکاریی کۆنگرە ڕاپۆرتی کارەکانی تا ئێستای خۆی لەو پێوەندییەدا دایەوە پلینۆم، کۆمیتەی ناوەندی لایەنە جۆربەجۆرەکانی هەنگاونان بەرەو کۆنگرەی داهاتووی حیزبی تاوتوێ کرد و کۆمەڵێک ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی ڕوون و دیاریکراوی لەو پێوەندییەدا دایە دەفتەری سیاسیی حیزب.

دواین بڕگەی کارەکانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بوو لە تاوتوێ کردنی کار و تێکۆشانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەتایبەتی کاروباری حیزب لە دەرەوەی وڵات.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا وێڕای ڕێزدانان بۆ خەبات و خۆ ڕاگریی هێزی پێشمەرگە و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە پێشمەرگەکانی کوردستان لەلایەن هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزبەوە بەسەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢٧ ی سەرماوەزی ١٣٨٩ی هەتاوی**
**(١٨ ی دێسامبری ٢٠١٠ی زایینی)**

# پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامیی

## حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە

**ئەم وتارە لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ دا لەلایەن هاوڕێ برایم زێوەیی بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامیی حیزب پێشکەش کرا.**

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕۆژی ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی رۆلە فیداکارەکانی گەلی کوردە.

هۆی دیاری کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوێکی گرینگی مێژوویی. لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ دا خەلک لە ڕیزی یەکگرتوو دا بە هەلکوتانە سەر شارەوانی مەهاباد دوایین نیشانەی دەسەڵاتی ملهۆڕی لەو ناوچەیەیان دا تێک پێچایەوەو لە ڕاستای پیادە کردنی دەسەڵاتی خەلک دا هەنگاویان نا.

ئەو ڕووداوە گرینگە هەلگری کۆمەڵێک پەیام و نیشانە بوو.

یەکەم: نەمان و لە نێو چوونی دام و دەزگای ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی و نەهێشتنی بنکەی زوڵم و سەرکوت لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دووهەم: ئەم ڕووداوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی خەڵک ڕاستەوخۆ کاروباری ناوچەی خۆیان بەڕێوەبەرن و لە ڕاستای جێگیر کردنی دیموکراسی و دەسەڵاتی نەتەوەیی دا هەنگاو بنێن.

سێهەم: لەو ڕۆژەدا بوو کە ئاڵای کوردستان بۆ یەکەم جاڕ وەک سەمبولی نەتەوەیی لەو ناوچانە دا کە دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتیی لێ نەمابوو بەرز کرایەوە.

دەست بەسەر داگرتنی شارەوانی مەهاباد بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ دێتە ئەژمار کە ئیرادەی کۆمەلانی خەڵکی تیدا وێنا کرا و پاش چەند مانگێک لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دا دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە کە هەتا هەتایە لە حافیزەی نەتەوەکەمان دا وەکوو شانازی یەکی مێژوویی دەمێنێتەوە.

هەر چەند کۆمار بە هۆی پیلانی نێو خۆیی و پشت تێ کردنی دەرەکی زۆر خۆی نەگرت تا خزمەتی زیاتر بە کورد بکا، بەلام دواتریش خەڵکی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەست کردن بەو ڕەسالەتەی لەسەر شانیانە لە قۆناغی جوراوجۆر و هەر فرسەتێک دا بۆیان لوا، بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان دریغیان نەکرد و بەگژی دیکتاتۆریی پەهلەوی دا چوونەوە.

لەسەردەمی ڕەزا خان دا باڵا دەستیی فەرهەنگی و سیاسیی گەلی حاکم دادەڕێژێ و بۆ سڕینەوەو لێکدانی پێناسەی نەتەوەیی و قەومی گەلانی ئێران هەولێکی زۆر دەدرێ، هەر وەها لە ڕێژیمی ولایەتی فقیهشدا بە بیانووی ئەوەی لە ئیسلام دا لە نێوان قەومەکان دا جیاوازی ناکرێ، حاشا لە مافی نەتەوەکان کراوە و لە ئاست ویستەکانییان دا ڕێگای توند و تیژی و میلیتاریستی یان گرتووتە بەر، بێ خەبەر لەوە کە کێشەی نەتەوەیی و خەباتی لە مێژینەی کورد بەشیوەیەکی(عینی و زهنی) بەستێنیکی قوول و ڕابردوویەکی کۆنی هەیە. هێزی پێشمەرگەش پارێزەری مەوجودیەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر هەر دوو فاشیزمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دابووە.



**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

پێشمەرگە وەک باسکی بە هێزی گەل هەمیشە بۆ بەرگری لە مان و پاراستنی کەسایەتی نەتەوەیی بە کوڕی ڕۆژی تەنگانە حیساب دەکرێ و بە بەخشینی گیانی دیفاع لە خاک ونیشتمان دەکا و لە هیچ کەند وکۆسپێک دریغ ناکا.

ناوی پێشمەرگە یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستانە، سوپای میللی کە لە پێشمەرگە پێکهاتبوو لە شکل گرتن و ڕاگرتن و پاراستنی کۆماری کوردستان دا ڕۆلێکی ئیجگار بەرچاوی هەبوو.

هێزی پێشمەرگە بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستی یە کە پێشمەرگە باڵی چەکداری جووڵانەوەی سیاسی یە، لە قۆناغە جۆراوجۆر ەکانی جووڵانەوە دا رۆلێکی یەکجار گرنگی گێڕاوەو بووە وەدیهێنەر و دەستەبەری دەسکەوتە سیاسییەکان بووە.

ئەگەر زۆر وڵات و نەتەوە مانەوەیان لە بەرامبەر شەڕ و ململانی یەکان دا قەرزداری هێزە نیزامییەکانیان بن، نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی و دەسکەوتە سیاسییەکانی قەرزداری پێشمەرگەیە.

**هاوڕێیانی هێژا!**

لە هەلومەرجێک دا یادی ٢٦ی سەرماوەز دەکەینەوە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دەست دیکتاتۆری لە هەموو کات ڕوونترەو لە بەر چاو گرتنی فاکتەرە نێو خۆیی و جیهانیەکان، ئاڵوگۆڕەکانی نێو خۆیی چاوەڕوانی یەکی خۆشبینانەی زیاتریان لێ بەدی دەکرێ.

هەروەک دەزانین پاش کودیتای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تەوژمی ناڕەزایەتیی کۆمەلانی خەڵک لە ئاستێکی بەرین دا لەرزەی خستە نێو دلی دەسەلاتی ڕەهای ولایەتی فەقیهی و ڕیزبەندیەکی تازەی لە نێو خودی کاربەدەستانی نیزامدا پێکهێنا کە دەتوانین کێشەو قەیرانەکانیان بەم جۆرە تاوتووی بکەین.

١- قوولتر بوونەوەی ناکۆکی و کێشەی قوڵی فەرمانڕەو بە کردەوە بناغەی فکری و فەلسەفەی یەکانی ڕێژیمی بنکۆل کردووە.

٢- کێشەی نێوان دەسەڵات و خەڵک بە ڕادەیەک پەرەی سەندووە کە نە ڕێژیم دەتوانێ وەک جاران درێژە بە حاکمیەتی بدا نە کۆمەلانی خەڵکیش ملکەچی ڕێژیم دەبن.

٣- دژ کردەوەی توند وتیژو وەحشییانەی ڕێژیم لە بەرامبەر خەڵکی وازاڵە هاتوو کە داوای ئازادی و مافە پێشل کراوەکانی خۆیان دەکەن، لە ئاستی جیهانی دا هیچ ئێعتبار وپێگەیەکی بۆ ڕێژیم نەهێشتۆتەوەو مەشروعیەت و ڕەوایی ئەم ڕێژیمەی خستۆتە ژێر پرسیار.

ئەمساڵ ڕێژیم زیاتر لە جاران لەبەر پێشیل کردنی مافەکانی تاک و کۆمەڵایەتی و لەبەر چاو نەگرتنی پێوانە پەسند کراوە جیهانییەکان و لە لایەکی دیکەش دەستێوەردان لە کاروباری نێو خۆیی دەولەتان ، ناردنی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی بۆ هێزە تیرۆریستی یەکان و گرتن و لێدان و ئەشکەنجەو ئیعدام و بەردباران.. لە ئاستێکی بەرزدا کەوتووتە بەر ڕق و قینی کۆمەلانی خەڵکی ئێران و ڕەخنەی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و ئازادی یە دیموکراتیکەکان لە جیهاندا.

ماوەتەوە بڵێن کۆماری ئسلامی بەو هەموو کێشە و قەیرانانەی کە تێی کەوتووە لە لایەکی دیکەش بەو بەرین بوونەوەیی جولانەوەی خەڵک و تەریک کەوتنەوەی کەم وێنەی لە ئاست ناوچەیی و جیهانی دا ، لەسەر یەک ڕەوایی ڕێژیمی هێناوەتە ژێر پرسیار.

لەو پێوەندییەدا یەک ڕیزی و یەکگرتوویی هێزە سەراسەری و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بۆ یەکلایی کردنەوەی یەکجاری لە دەست دیکتاتۆری دەتوانێ ڕۆلێکی یەکلا کەرەوە بگێڕێ.

**پیرۆز بێ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان**

**سڵاو لە زیندانیانی سیاسی ئێران و کوردستان**

**پەتوتر بێ پێوەندیی گەلانی ئێران لە پێناو دابین کردنی حکوومەتێکی دیموکراتیک و فیدرال دا**

**کۆمیسیونی سیاسی- نیزانی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٦ی سەرماوەزی**
**١٣٨٩ هەتاوی**

# قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا



**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەمووی ئێوەو لە هەمووی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان پیرۆزبایی دەکەم.

ناوی پێشمەرگە لەگەڵ مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەگەڵ شۆڕشگێڕی، لەگەڵ خۆبەختکردن، لەگەڵ دیفاع لە خاکی کوردستان و لەگەڵ دیفاع لە هۆوییەت و کەرامەتی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئازادی، لەگەڵ کارو تێکۆشان بۆ سەقامگیر کردنی مافە نەتەوایەتی و دێمۆکراتییەکانی نەتەوەی کورد، لەگەڵ هەمووی ئەوانە تێکەڵ بووە. پێشمەرگە ئەو کەسەیە بە دڵخوازی خۆی لەسەر داوای خۆی دەبێتە پێشمەرگەو چەک هەڵدەگرێ و گیانی خۆی بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی بەخت دەکا. ئەو تایبەتییە دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی ژیانی سیاسیی نەتەوەیەک کە مەجالی ئەوەی پێنەدراوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ، وڵاتەکەی و بۆخۆشی دابەش کراوە. تەبیعەتەن ئەو تایبەتی و ئەو دەردو مەرگانەیە کە ئەو ئیحساس و عاتیفە و شوعور و عەقلییەتەی لەنێو کچان و کوڕانی کورد دا دروست کردوە، بنەماڵەکان وایان پەروەردە کردوون، حیزبە سیاسییەکان وایان پەروەردە کردوون کە بەو ڕوحەوە چەک هەڵگرن و بەو ڕوحەوە بۆ ڕزگاریی کوردستان کار بکەن. تەمەنی پێشمەرگایەتی لە مێژووی کورد دا دەکرێ بڵێین دوورو درێژە. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەم جار نێوی پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ ٦٥ساڵی بەسەردا تێپەڕ دەبێ، زۆر کەس هەن زیاتر لە ٥٠ساڵ لەخزمەت ئەرک و کاروباری حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی دا بوون، زۆر کەسیش هەن ئێستا دەوری چەند حەوتوویەکە هاتوونەتە نێو ڕیزی پێشمەرگە و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان لەبەر کردوە. پێشمەرگەی کوردستان ئەرکەکەی ئەوە بووە کە بۆ ڕزگاریی کوردستان و بۆ دیفاع لە کەرامەتی نەتەوایەتی و خاکی کوردستان و هەمووی ئەو بنەمایانە کار بکا و تێبکۆشێ و چالاکی بکا و تەنانەت گیانی خۆی بەخت بکا، لە هەمان کاتیش دا ئەو بنەمایەی لەسەر دادەمەزرێ و ئەو بنەمایەی لەسەر تەسبیت دەبێ ئەویش ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە بەو مەبەستە بەکار بهێنرێ. ئەگەر لە مێژووی کورد دا بەداخەوە لە ڕابردوودا بەهەر دەلیلێک بەهۆی کێشەی نێوخۆیی جاروبار هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێز و تواناو ئێنێرژییەکەی لە کێشەی نێوخۆییدا سەرف بووە، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمان وایە دەبێ بە هەموومان بە یەکەوە بو جارێکی دیکە ئەو پەیمانە نوێ کەینەوە کە عەقڵییەت و ڕەسەنییەت و وەزیفە و ئەرکی هێزی پێشمەرگە ببەینەوە ئەو شوێنەی کە جێگای خۆیەتی و قودسییەتەکەی لەو شوێنە دابنێین کە جێگای خۆیەتی و ئەهەمییەتەکەی لەو جێگایە دابنێین کە پرۆژەی سیاسیی حیزبەکەی ئێمە بۆی داناوە، ئەویش ئەوەیە هەمیشە تێبکۆشین و هەمیشە ئەو پەیامە بە کۆمەڵانی خەڵک بدەین و هەمیشە هێزی پێشمەرگەی خۆمان بەو ڕوحەوە پەروەردە بکەین و ئەو فەرهەنگە لە نێو هێزی پێشمەرگەی خۆمان و کۆمەڵانی خەڵکدا بەهێز بکەین کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرگیزو هەرگیز لە داهاتوودا خوای نەخواستە لە کێشەی نێوخۆیی لە دژی یەکتر بەکار نەهێنرێ. ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی و هەموو پێشمەرگەکان وەک کەسانێک کە ژیانی پێشمەرگایەتییان تێکەڵاو بە ژیانی سیاسی و ژیانی حیزبایەتییە هەمووی ئێمە بەرامبەر بەو ئەرک و بەو وەزیفانەی کە بنەماڵەکان لەسەرمان دادەنێن، کۆمەڵگا لەسەرمان دادەنێ، ئەوەیە (ئەزموونێک کە) مێژووی دوورو درێژی ئەو نەتەوەیە بە ئێمەی داوە ئەوەمان پێدەڵێ ئەو پەیامە وەربگرین و ئەو پەیامە بدەینەوە بە کۆمەڵگا. بۆیە جێی خۆیەتیی جارێکی دیکە لێرە لە ڕۆژی پێشمەرگەدا لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ هەمووی ئێوە، لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان، لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان ئەو پەیمانە نوێ بکەینەوە. هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە ئەوەیە، پێشمەرگە بە ڕوحی پێشمەرگایەتی بەو مەبەستەی کە بەرگی بۆ لەبەر کردوە و بەو مەبەستەی کە ڕۆژەکەی بۆ دامەزراوە، پەروەردە دەکەین پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا یەک ئەرکی هەیە، ئەویش دیفاع لە کەرامەتی نەتەوەیی و خاکی کوردستان و ئەو نەتەوەیەیە. ئەوەیە ئەرکی ئێمە و ئێمە ئەوە لە تەواوی پرۆژەو کاروبارو بەرنامەی خۆماندا نەهادینە دەکەین وە تێدەکۆشین کە ئەو ڕوحە و ئەو فەرهەنگە لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێ بکەوێ. هیوادارین و جێی خۆیەتی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا پەیامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو لایەنەکان بنێرین، بە هەموو لایەک بڵێین، هەموو لایەنەکان کە هێزی پێشمەرگەیان هەیە، ئەو تەعەهودە بدەن با هەموو لە ڕیزی پێشمەرگەو هێزەکانی خۆماندا بۆ جارێکی دیکە ئەو پەیمانە نوێ بکەینەوە کە ئێمە تێدەکۆشین ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر ئەوە دابنێین کە لە پێناوی ڕزگاریی کوردستاندا کار دەکاو ئەوە ئەرکی سەرەکییەتی و بەو ڕوحە و بەو فەرهەنگە دەبێ پەروەردە بێ.

**ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمان وایە دەبێ بە هەموومان بە یەکەوە بو جارێکی دیکە ئەو پەیمانە نوێ کەینەوە کە عەقڵییەت و ڕەسەنییەت و وەزیفە و ئەرکی هێزی پێشمەرگە ببەینەوە ئەو شوێنەی کە جێگای خۆیەتی**

**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

هەر لە ڕۆژی پێشمەرگەدا ئێمە کۆتاییمان بە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی هێنا. ئێمە لەو پلینۆمەدا کە لە ڕۆژی پیرۆزی پێشمەرگەدا تەواو بوو، باسمان لە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێران و وەزعی نێودەوڵەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤ تا کۆنگرەی ١٥ کرد. تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە وەزعی ئێرانەوە هەیە بەگشتی، ئێمە پێمان وایە سەرەڕای دەسەڵاتێکی سەرەڕۆو تۆکمە کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ ڕۆژ بە ڕۆژ بە موئەسساتێکی مافیایی خۆی نەیەڵێ جموجۆڵ و چالاکیی کۆمەڵانی خەڵک لە مەیدان و شەقامدا خۆ نیشان بدا سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە شێوەی جۆراوجۆر بۆخۆی قەیران دروست بکاو ئەو (قەیرانانە) لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی بە جۆرێک بێنێ و بەرێ کە خۆی تێدا ڕزگار بکا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وڵامی داخوازییەکانی نێودەوڵەتی نەداتەوە، لە هەمان کاتدا پێمان وایە شوعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و ئەو جموجۆڵانەی کە بە شێوەی نهێنی لە نێوخۆی ئێران دا هەن و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیجازەی پێ نادا، کۆماری ئیسلامی توانای چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی نییە. ئەو قەیرانانە یەک ڕێگا چارەیان هەیە ئەویش ئەوەیە یا کۆماری ئیسلامی نامێنێ و حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێران دادەمەزرێ و وڵامدەری تەنەوعاتی میللیی ئێران دەبێ و لەو نێوەش دا نەتەوەی کورد بە مافەکانی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی خۆی دەگا، یان ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ئیدامەی ژیانی خۆیدا زیاتر لە جاران دژی کۆمەڵانی خەڵک ڕادەوەستێ، لەو حاڵەتەش دا کۆماری ئیسلامی هیچ ئایندەیەکی نییە. هەر ئاڵترناتیڤێک کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتیی لەگەڵ ماف، لەگەڵ ئازادییە دێموکڕاتیکەکان، لەگەڵ ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران دا بیکاو هەر ئیقدامێک کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بۆ پاراستنی خۆی بکا، هەمووی ئەوانە نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامی لە حاڵەت و مەوقەعییەتێک دایە کە تێدەکۆشێ خۆی نەجات بدا. تێناکۆشێ گرفتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران چارەسەر بکا. لەو حاڵەتەدا تەمەنی کۆماری ئیسلامی تەمەنێکی زۆر دوورو درێژ نابێ. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە نێوخۆی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، ئێمە لە پلینۆم دا بۆ جارێکی دیکە هەڵسەنگاندنمان ئەوە بوو سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەژێر ڕووناکایی سیاسەتی ئەمنییەتیی خۆی ئیجازە نادا کە خەڵک جموجۆڵ و فەعالییەتیان هەبێ، بەڵام شوعووری نەتەوایەتی و شوعووری سیاسی و شوعووری کۆمەڵایەتیی خەڵک لە کوردستانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی پەرەئەستاندن دایە. پێمانوایە تازە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەوە زیاتر دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵانی خەڵک دا تەسبیت بکا. ئەوەی کە ئێستا دەیکا چ لە ئێران و چ لە کوردستان ئەوپەڕی ئیعمالی دەسەڵاتی خۆیەتی. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشاوە لە ئاستی نێوخۆی ئێران و کوردستان و لە ئاستی نێودەوڵەتییدا لەسەر ئەساسی دیفاع و پارێزگاری لە مافە نەتەوەیییەکانی نەتەوەی کوردو لە هەمان کاتدا وەسڵ کردنەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە جووڵانەوەی سەرتاسەریی ئێران و لە هەمان کاتدا دیسان بو ئەوەی کە لە دەرەوەی ئێران پەیامێکی یەکگرتوو لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و لایەنە سیاسییەکان بێتە گۆڕێ و کاری بۆ کردوە و هەوڵی بۆ داوە کە تێبکۆشێ ئەو شتەی کە قووەتی کۆماری ئیسلامییە و تا ڕادەیەکی زۆر سەمبولی مانەوەی ئەو ڕێژیمەیە، واتە بێ ئاڵتەرناتیڤی، بەربڵاویی هێزەکان، پەراکەندەیی لە نێو هێزەکان بەجۆرێک یارمەتیی پێ بکاو ئەو گرفتە چارەسەر بکرێ. بۆیە ئێمە هەم لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان و هەم لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئیبتیکارو ئیقداماتی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیەوە هەیە، ئێمە ئەو ئەرکەمان تا ڕادەیەکی باش بەجێ گەیاندوە. بەڵام تەبیعەتەن بەربڵاویی کۆمەڵگای ئێران و بەربڵاویی هێز و حیزبە سیاسییەکان بە کورد و غەیرە کوردەوە کارو وەختێکی زۆرتری دەوێ و ئێمە لەوە ماندوو نابین و کاری خۆمانی هەر بۆ دەکەین.

**هاوڕێیانی بەڕێز!** هەر لەو پلینۆمەدا ئێمە لەژێر ڕووناکایی خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤ بۆ کۆنگرەی ١٥، بە لەبەر چاوگرتنی لایەنی جۆراوجۆری نزیک بە ٣ساڵ بەینی دوو کۆنگرە، ئەو لایەنە باشانەی کە ئێمە بوومانە و کارمان بۆ کردوە و چالاکیمان بووە و تێیدا باش چووینەتە پێشێ و ئەو لایەنانەی کە ئێمە لەوێدا کەم و کووڕیمان هەبووە و دەبێ کارێکی زۆرتر بکەین، هەوڵمان داوە کە لە ئێستاوە بەرچاوڕوونییەکی باشترمان هەبێ بۆوەی کە چۆن بەرەو کۆنگرەی ١٥ دەچین. کۆنگرەگرتن پرۆژەیەکی گەلێک گرینگە لە ژیانی سیاسی حیزبێکدا. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشاوە سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ کارو پڕ خەبات و دوورە درێژو تەنانەت زۆرجار نائەمنی، کۆنگرەکانی خۆی بە ڕیکوپێکی بەڕیوە بەرێ. هەر لە ئیدامەی ئەو ئەرک و وەزیفەیەدا ئێمە بەرەو پێکهێنانی کۆنگرەی ١٥ دەچین. کۆنگرەی

**ئەرکی هەموو لایەکی ئێمەیە بە کادرەکان و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب، لە نێوخۆی وڵات، لە هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتەوە، بە بەشدارییەکی چالاک و فەعالانە بتوانین کۆنگرەی ١٥ دەوڵەمەند بکەین تا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای کۆنگرەی ١٥ بە ڕوح و گیانێکی بەهێزترو بەقووەتترو زیندووتر لە جاران ئیدامە بەژیانی سیاسیی خۆی بدا**

١٥ی ئێمە دڵنیام لە کەش و هەوایەکدا دەگیرێ کە گۆڕانکاری بەسەر زۆر شت لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی دا هاتووە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرەو ئەوە دەچێ پتر دێموکراسی قەبووڵ بکا، تەمەنی دیکتاتۆرەکان کەم دەبێتەوە، و لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو بەسەر ئێراندا هاتووە، ئێمە شاهیدی جموجۆڵ و چالاکیی کۆمەڵانی خەڵک بووین لەدژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان ئێمە شاهیدی کۆمەڵێک چالاکی و خەباتی بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک بووین لە دژی کۆماری ئیسلامی، لە ئاستی نێونەتەوەیی دیسان کۆماری ئیسلامی فشارێکی زۆری لەسەرەو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وا دەبیندرێ کە وا بە ڕاحەتی لە ئێران خۆش نابێ، لە هەمان کاتیشدا گرینگتر لەوانە تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە لە کۆنگرەی ١٤وە تاکوو ئێستا زۆر قۆناغی کارو بارو چالاکیمان تێپەڕاندوەو حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە یەکێک لە حیزبە سەرەکییەکانە، تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە کوردستانی ئێرانەوە هەیە وەک حیزبێکی سەرەکی لە حەددی خۆیدا لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی ئێران بە لەحازی تەشکیلاتی و تەبلیغاتی و سیاسی و بە لەحازی دیپلۆماسی جێ کەوتووە. ئێمە لە کەش و

لاپەڕی ٥

# قاسملوو، هزرێکی نەمر

## (بە بۆنەی شەوی یەلدا، شەوی لە دایکبوونی د. قاسملووی رێبەرمان)

ئارام ئیبراهیم خاس
وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

**بەڕایی:** قاسملوو بوێری و شەفافییەتی کردبوو بە بنەمای کاری خۆی و زۆر بە قووڵی دژی بێ ئیرادەکردن و هەر جۆرە بە ئامرازبوونی مرۆڤ بوو، ئەو خەباتگێڕە مەزنە سەربەخۆیی ئیرادەو کردەوەی کردبووە بناخەی کاری خۆی و پارتەکەی.

کەسایەتیی پراگماتیستی قاسملوو ببووە هۆی ئەوەی تاک تاکی ئەندامانی پارتەکەی بڕوا بەم ئەندێشەیە بێنن کە «حیزب»، بەرهەم و کەڵکەبووی ماندوونەناسێتیی شۆڕشە». ناوبراو دژی «بەستراوەیی کەسایەتی» و هەر جۆرە تاکپەرستییەک بوو، لەم وتارەدا تێدەکۆشین هێندێک لایەنەکانی کەسایەتیی سیاسی ئەو ڕێبەرە بەتواناو ئەو شۆڕشگێرە ئازادیخوازو دیموکراسیخوازە بە بێ زێدەڕۆیی بخەینە بەرباس.

### قاسملوو شۆڕشگێڕێکی پراگماتیست و رئالیست

قاسملووی خاوەن پوتانسییەلی فیکری و تئوریکی دەوڵەمەندو بە هاوکاری کەسانێکی بەتوانای وەک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و.. کە ـ لە راستیدا وەک زنجیرەیەکی فیکری بەهێز ـ هەمیشە خاوەن ئەندێشەی نوێ بوون و توانای بەرهەم هێنانەوەی ئەڵتێرناتیڤی نوێی خەبات بوون، حیزبی دیموکراتیان کردبووە ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێران. لە راستیدا قاسملوو بەپشت بەستن بەو ژێرخانە تئوریک و فیکرییەوە، رەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان بەراستی و دروستی لێکدەدایەوە و راڤەی دەکردن. قاسملوو شارەزای خەڵکەکەی خۆی و تان و پۆی کۆمەڵگەکەی و شیرازە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی بوو. هەر بۆیەش ڕێبەرێکی سەرکەوتوو بوو. تێگەیشتوویی و راڤەی دروستی هەلومەرج و روانگەی رئالیستیی وەک بەشێکی جیانەبووەی خووخدە و کەسایەتییە سیاسییەکەی، تەواوکەری پراگماتیسمی قاسملوو لە قۆناخە جیاوازەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ئەو تایبەتمەندییانە دەبوونە هۆی ئەوەیکە قاسملوو وەک ڕێبەرێکی پراگماتیست و لە هەمان کاتدا بەرپرسیار، ئەوەیکە لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات بۆ رزگاری گەل و حیزبەکەی بە زمان دەیوت، بە کردەوە بسەلمێنێ و هەر ئەم خسڵەتەبەرزەی بوو بە هۆی ئەوەیکە بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵات لە قۆناخی ئەستەم و پڕ لە هەوراز و نشێوی چەکداری دا ڕێبەری بکا.

### قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن بیری ئیستراتێژیک

خەبات و رەوتی ناسیونالیستی پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی هەڵسووڕ و کارامە هەیە کە توانای بیرکردنەوەو تئوریزەکردنی بنەماکانی خەباتی هەیە و لە هەمانکاتیشدا خاوەن پوتانسییەل و دەسەڵاتی پراکتیک و جێبەجێ کردنی بیروبۆچوون وئەندێشەکانی بێ. کۆی ئەم خسڵەت و تایبەتمەندییانە ئەندێشەی ستراتژیکن. قاسملوو لەگەڵ ئەوەیکە روانگەو خوێندنەوەیەکی دروستی لە پرس و رووداوە سیاسییەکان هەبوو و تەنیا بە روانگەیەکی «ژورنالیستی» و ئاستەکی نەیدەڕوانیە هاوکێشەو رووداوەکان. بە پێی خوێندنەوەی دروستی لە پرسە سیاسییەکان لە مەیدان دا دەوری دەگێڕاو وەک ڕێبەرێکی ستراتژیک و خاوەن تایبەتمەندی «دوارۆژ بینی»سەبارەت بە پرس و رووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران، رۆژهەڵاتی نێوەراست و جیهان هەمیشە کاریگەری پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی لەسەر بڕیارە سیاسی و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزانەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو دا دەبێ بە حیزبێک کە توانای سەرکەوتن بە سەر تەنگ و چەلەمەکان و دەرباز بوون لە هەر جۆرە قەیرانێکی چاوەڕواننەکراوی هەیە.

### قاسملوو و دیموکراسی

دوکتور قاسملوو رۆڵێکی بەرچاو لە ساغ کردنەوەی حیزبی دیموکرات دا دوای خەباتی چەکداری ٤٧ ـ ٤٦ (بە ڕێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەگێڕێ و حیزب دەکاتە حیزبێکی مودێرن و خاوەن پێڕەو و پرۆگرام کە تێدەکۆشێ مەیدانی خەبات بەرینتر بکاتەوە و لە هەموو ئەو لایەنانەی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد کەڵک وەرگرێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە حیزب لە سێ رەهەندی ناسیۆنالیستی، چینایەتیی و خەبات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکرات درێژە بە چالاکی بدا. بەڵام باوەڕی قووڵی قاسملوو بە دیموکراسی لەم وتە بە نرخەی دا زیاتر دەردەکەوێ کە دەڵێ: (خەباتی ئێمە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی، نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوایەتی یا چینایەتی). دکتور قاسملوو ئەوەندەی بڕوا بە دیموکراسی هەیە کە بەردەوام لەسەر پرۆڤەی دیموکراسی قسە دەکا و هەموو رۆژێک بۆ تەمرینی دیموکراسی لەبەرچاو دەگرێ.

### قاسملوو، نووسەر و تئۆریزانێکی بەتوانا

دوکتور قاسملوو لە باری تئۆریکیشەوە وەک بیرمەندێکی هەڵکەوتەو لێهاتوو بەرچاوەو هێندێک بەرهەمی لەپاش خۆی بە جێ هێشت کە هێشتاش کتێبخانەی کوردی شانازییان پێوە دەکا، گرینگترینی ئەم بەرهەمانە کتێبی «کوردستان و کورد»ە کە لە روانگەیەکی زانستییەوە، هەلومەرجی جوگرافیایی، مێژوویی، ئابووری، مرۆیی و کۆمەڵناسیی کوردستانی لێک دەداتەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دوکتور قاسملوو لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمە بەسوودە بە هۆی دوور بوون لە کوردستان و نەبوونی بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی کەندو کۆسپی زۆری بۆ نووسینی لەبەر بووە. هەروەها «کوردستان و کورد» لە سەردەمێک دا نووسرا کە سەرچاوەو ژێدەری زانستی هاوئاستی ئەو بەرهەمە لە کتێبخانەی کوردی دا دەگمەنن تا دوکتور قاسملوو بتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ، کە ئەمە خۆی بایەخی ئەم بەرهەمەی قاسملوو زیاتر دەکا. هەروەها بیروبۆچوونەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجود، رێگەی گەشەی ئابووریی ناسەرمایەداری، هەلومەرجی ئەو کاتی بلۆکی رۆژهەلات و دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان و باس کردنی سوسیالیزمی دیموکراتیک بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی گەلی کورد و نووسین لەم بارەیەوە لە قۆناخێک دا کە گوتاری چەپی ئۆرتۆدۆکسی، گوتاری زاڵی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و رووناکبیرییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، ئێران و ناوچەیە، سەرەڕای ئەوەیکە دژەباوی و بوێری و لە هەمانکاتدا دوارۆژبینیی کاک دوکتور قاسملوو نیشان دەدا، دەرخەری تێگەیشتنی بەرهەست (ئوبژکتیڤ) و دروستی قاسملوو لە پرسە (کلان)ە سیاسییەکانی سەردەمە.



**تێگەیشتوویی و راڤەی دروستی هەلومەرج و روانگەی رئالیستیی وەک بەشێکی جیانەبووەی خووخدە و کەسایەتییە سیاسییەکەی، تەواوکەری پراگماتیسمی قاسملوو لە قۆناخە جیاوازەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو**

### قاسملوو، دیپلۆماتیکی بەواتای راستەقینەی وشە

لایەنی دیپلۆماتیکی قاسملوو یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم جوامێرە مەزنەی گەلی کوردە. قاسملوو کە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئورووپا خوێندنی تەواو کردبوو و چەندین زمانی زیندووی جیهانی دەزانی، تەنانەت لە دژوارترین قۆناخەکانی خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دا گرینگیی چالاکیی دیپلۆماتیک و پێکهێنانی لۆبیی کورد لە وڵاتە زلهێزەکان و ڕێکخراوە کاریگەرەکانی جیهان لەبیر ناکا و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و دامەزراندنی پێوەندیی قووڵ و راکێشانی پشتیوانیی مەعنەوی و دەرمانی وڵاتێکی وەک فەرانسە و کردنەوەی نوێنەرایەتیی حیزب لەو وڵاتەدا، بوون بە ئەندامی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست، پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهان وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین و خودی یاسر عەرەفات و.. بەشێک لەو هەوڵ و چالاکییە دیپلۆماسییانەی شەهید قاسملوون.

### قاسملوو و سیاسەتی (اخلاق مدارانه)

قاسملوو هەمیشە ئەخلاق بە مەرجی پێویست بۆ چالاکی سیاسی دەزانێ. ناوبراو هەمیشە دژی روانگەی ماکیاڤێلیستی لە سیاسەتدا بووە و ئەمەشی بەکردەوە لە چەند دەیەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات دا سەلماندوە. قاسملوو بە روانگەیەکی ئەخلاقی و دەروەستانە دەیڕوانیە بابەتی سیاسی و لە نێوخۆی ڕێکخستن و لە دەرەوەش و لە ئاستی پێوەندی (کلان) و هاوکێشە سیاسییە پێچەڵاوپێچەکانی ناوچەو جیهان دا ئەم پێبەندی و دەروەست بوونەوەی دەپاراست. کە رەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەخلاق مەندانەی ناوبراو لەگەڵ ڕێژیمی بەعسی عێراق و هاوکات پێوەندیی چڕوپڕی لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستان گەورەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە بن.

**ئاکام:** دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین کە سەرکردە و ڕێبەرە گەورەکان لە کاتی تێپەڕین بە رێگایەکدا تەنیا پێیدا تێناپەڕن، بەڵکوو هاوکات ئەم رێگایە درووست و هەمواریش دەکەن، قاسملووش خاوەن ئەم تایبەتمەندییە بوو. لە هەشتا ساڵەی لە دایک بوونی ئەو گەورە پیاوەی گەلەکەمان دا رەنگە ئەم شتانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا، بەشێکی کەم بن کە ڕێبەرانی هەنووکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەبێ سەرنجیان بدەنێ.

---

درێژەی

## قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا

هەوایەکدا بەرەو کۆنگرە دەچین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو مەیدانەکاندا و لە هەمووی ئەو بوارانەی کە پەیوەندیی بە ژیانی حیزبایەتییەوە هەیە، بە بەرچاو روونییەکی زیاتر بەرەو کۆنگرەی ١٥ دەچێ. بۆیە ئەرکی هەموو لایەکی ئێمەیە بە کادرەکان و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب، لە نێوخۆی وڵات، لە هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتەوە، بە بەشدارییەکی چالاک و فەعالانە بتوانین کۆنگرەی ١٥ دەوڵەمەند بکەین تا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای کۆنگرەی ١٥ بە روح و گیانێکی بەهێزترو بەقووەتترو زیندووتر لە جاران ئیدامە بەژیانی سیاسیی خۆی بدا. من دڵنیام یەکێک لەو گرفتانەی کە ئێمە بە خۆشییەوە تا رادەیەکی زۆر چارەسەرمان کردوە ئەوەیە کە کۆمەکمان بە عەقڵییەت و فەرهەنگێک کردوە کە لە نێو خۆمان بە حەوسەلەو بە تەحەممولەوە لەگەڵ یەک موعامەلە بکەین. کۆمەکمان بە دامەزراندنی فەرهەنگێک کردوە کە تاکی نێو حیزبی ئێمە لەنێو حیزبەکەی خۆیدا هەست بە ئەمنییەت بکا، کۆمەکمان بە فەرهەنگێک کردوە کە ئەندامی حیزبی و تاکی حیزبی ئێمە لەنێو حیزبەکەی خۆیدا ئازادیی ڕادەربڕین و بیروڕای هەبووە و پێویستی بەوە نەکردوە کە بەدزی بچی لە دەرەوە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێ، کۆمەکمان بە فەرهەنگێک کردوە ئەگەر لەسەر بۆچوون و نەزەرێک تێبینیمان هەیە و بەرامبەر بە داهاتووی حیزبەکەی خۆمان بەپەرۆشین، زۆر بە ئاشکراو بە راشکاوی لە کۆبوونەوەکان و سمینارەکان و کۆنفرانسەکانی خۆماندا باسی دەکەین. ئەگەروایە ئەوانەمان کردوە بە تەعەهوود، ئەوانەمان کردوە بە فەرهەنگ، لەسەر ئەساسی ئەو تەعەهوداتە کە ئەندامان و تاکەکانی نێو حیزب بەرامبەر بە کێشەو موشکیلاتێک کە بەرەو روومان دەبنەوەو زۆریش ئاساییە لە ژیانی حیزبیدا، بەو روحەوە دەچین بەرەو کۆنگرە. دڵنیام کۆنگرەیەک کە ئەو رووحیاتەی بەسەردا زاڵ بێ، ئەندامانی کۆنگرەیەک کە لە رۆژەکانی فەعالییەت و دەسپێک و چالاکیی چوون بەرەو کۆنگرە، بەو رووحیاتەوە بچن بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان، دڵنیام کۆنگرەی ١٥ی ئێمە، لەو مەیدانەدا بە یەکگرتوویییەکی بە قووەتتر، بە لێک حاڵیبوونێکی بەهێزتر، بە تێگەیشتنێکی جێکەوتووتر، و بە فەرهەنگێکی رێک و پێکتر کۆنگرەکەی دەست پێ دەکاو تەواویشی دەکا و هەر لەسەر ئەساسی ئەو بنەماو ئەو فەرهەنگەش ئیدامەکاریی کاروبارو فەعالییەت و چالاکیی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای کۆنگرە بەڕێوە دەبا. بۆیە بو جارێکی دیکەش تەئکید دەکەمەوە کە هەمووی ئێمە کە دەست بە چالاکی و فەعالییەتی جۆراوجۆری ئامادەکاری بەرەو کۆنگرە دەچین، لەهەر شوێنێک بین ئەرکەکە ئاوا دادەنێین کە هەمووی ئێمە بە یەکەوە بە سەدان تاک و بە سەدان دەنگ دەچین بەرەو کۆنگرەی ١٥ و هەمووی ئێمە بە یەکەوە ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆمان دادەنێین کە کۆنگرەی ١٥ی ئێمە لە ئیدامەی تەمەنی دوورو درێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەمووی ئەو کۆنگرانەدا وەک کۆنگرەیەکی رێک و پێک و وڵامدەر بەرامبەر بە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک تەواو بێ.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش پیرۆزبایی رۆژی پێشمەرگە لە هەموو ئێوە و لە هەمووتان بە یەکەوەو لە هەمووی پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم و دڵنیام ئەرک و چالاکیی پێشمەرگەکانی کوردستان لەپێناوی رزگاریی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و هەمووی مافەکان بە ئاکام و ئەنجامی خۆی دەگا، ئەوە هەوڵ و تکای هەموو لایەکی ئێمەیە کە چۆن تێبکۆشین کاتێک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیش رزگاریی خۆی بەنسیب دەبێ. لەو رۆژە یادو بیرەوەریی پێشمەرگەو هەمووی پێشمەرگەکان و هەمووی ئێمە و هەموو بنەماڵەکانیان بەیەکەوە لە شارەکانی کوردستان، لە مەجالێکی زۆرتر، بە ئیفتیخارێکی زۆرتر، بە بەشداریی هەموو لایەکەوە رێزی لێ بگرین. من دڵنیام ئەو رۆژە دێ، من دڵنیام ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو شوعووری نەتەوایەتیی نەتەوەی ئێمەو ئەو بڕیارەی کە ئەو نەتەوەیە داویەتی، دەبێ رزگار بێ، ئەو رۆژە وەدی دێنێ، بە هیوای ئەو رۆژە.

# بێدەنگیی میللی سەبارەت بە دۆخی کەبوودوەند

سامان فەقێ نەبی
وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی تەها ڕەحیمی

بابەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ئەم سێ دەیەی دوایی دا سێبەری خستۆتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکی کورد لە چوارچێوەی کوردستان و ئێراندا. لەم کەشەدا دەگمەن کەسانێک دەردەکەون کە بە کردەوە کێشە بۆ ئەم سیستم و پێکهێنەرانی ئەم جۆرە کەشە دژە مرۆییانە ساز بکەن و لە پێناو زانیاری گەیاندن بە چین و توێژە زوڵم لێکراوەکانی کۆمەڵگە، مل بە مەترسییەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سیستم و فەرمانڕەوایی سەرەڕۆ بدەن. خەڵکی زوڵملێکراو زیاتر لەگەڵ تێپەڕینی کات بە هۆی دەروونی و ئابووری زوڵمی ڕۆژانەی دەسەڵات بەرانبەر خۆیان بە شتێکی ئاسایی دەزانن و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم زوڵمەی فورمانڕەوایی بە جۆرێک هونەرو زیرەکی دەژمێرن. بەڵام کەسانێکیش هەن کە مل بۆ ئەم دۆخە پڕ لە سووکایەتی و زاڵمانەیە نادەن و تێدەکۆشن بە کەڵک وەرگرتن لە پوتانسییەلەکانی کۆمەڵگە هەم دەسەڵات تووشی کێشەو ئارێشە بکەن و هەمیش توێژە زوڵم لێکراو بەڵام بێدەنگی کۆمەڵگە وەخۆ بێننەوە.

بەڕاستی دەتوانین محەممەد سەدیقی کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان (RMMK) وەک هێماو سیمبۆلی ئەم جۆرە مرۆڤە دادپەروەرخواز و مرۆڤدۆستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنین. ئەو کەسەی چەندین مانگە لە ژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕوحی دایە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە هەوڵی داوە توێژە زوڵملێکراو، بەڵام بێدەنگ و گرفتاری ژیانی ڕۆژانە کە زۆر گوێ بەم زوڵمانەی لەسەریانە نادەن وەخۆ بێنێتەوەو هەروەها بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی پێوەندیدار بە پێشێل کردنی مافی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتەوە، کۆمەڵگەی کوردستان و جیهانی دەرەوە لەم هەلومەرجە دژوارو ئەستەمەیان ئاگادار بکاتەوە. ئێستا کە کەبوودوەند تەنیا لەبەر ئەم کارە مرۆییانەیە کە سروشتی بە دڵی دەسەڵاتبەدەستانی هەنووکەیی ئێران نەبووە لە خانەی تاکەکەسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دایە، چونکی ئەو سەر بە هیچ کام لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم نەبووەو تەنیا کەڵکی لە مکانیزم و ئامرازی



مەدەنی و دوور لە توندووتیژی بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤی هاووڵاتیانی کورد وەرگرتوە.

دیارە ڕەفتاری ڕێژیم لەگەڵ کەسانی وەک کەبوودوەند جێی سەرسوورمان نییە و بە پێی نێوەرۆکی ڕێژیم دەبوایە چاوەڕوانی ئەم جۆرە ناحەقییانە دەرحەق بە چالاکانی مافی مرۆڤ بوایەین، بەڵکوو ئەوەی لامان سەیرە، ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی چەوساوەی کوردو تەنانەت پارتە سیاسییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵاتیش وەک شتێکی ئاسایی و تەنیا لە چوارچێوەی هەواڵ دا باس لە دۆخی کەبوودوەند لە بەندیخانەدا دەکەن. یا لە باشترین حاڵەت دا ڕەنگە هەموویان چاوەڕێی بڵاو بوونەوەی مردنی کەبوودوەند لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو یا ئیعدامی ناوبراو دان و جا ڕەنگە ئەوکات وەبیر ئەوە بکەونەوە کە دەبێ نارەزایەتی و مانگرتنی گشتی وەڕێ بخەن.

ئێستا کە کەبوودوەند دڵی لێ دەدا بەڵام پێم وایە لە کوردستان تاکەکان بە زیندوویی بایەخێکی وایان نییەو تەنیا لەگەڵ مردن یان ئیعدامی تاکەکانە دەتوانین بە قارەمان سازی و ئوستورەسازی لەوان ڕێز لە زەحمەتەکانیان بگرین!

زۆر جێی داخە ئێستاشی لەگەڵ دابێ پارتە سیاسییەکانی کورد لە پێوەندیی لەگەڵ بارودۆخی کەبوودوەنددا بڵاوکراوەو بانگەوازی هاوبەشیان دەر نەکردوە، بەتایبەت ئەو پارتانەی کە خەباتی مەدەنییان کردوە بە سەرچەشنی خەبات و دەڵێن لە ڕوانگەیەکی بەرپرسیارانەوە دەڕواننە هەلومەرجی هەنووکەیی کوردستان.

ئەگەر واقیعبین بین بێدەنگی یا باس کردن لە ڕەوش و دۆخی کەبوودوەند لە ڕاگەیەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا تەنیا خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتییە. پارتەکان لە ڕێگەی وەئەستۆ گرتن و پێبەندبوون بەم جۆرە بەرپرسیارەتییانەوە مەشرووعییەت بەدەست دێنن و ئەگینا بەرەبەر بیاڤی کاریگەرییان لە کزی دەدا.

چین و توێژە چەوساوەن (بەڵام جارجار بێدەنگ)ەکانیش پێویستییان بە هاندان و پشتگیریی ئێلیتەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات هەیە، نارەزایەتیی جەماوەری و دژکردەوەی چینە بێدەنگەکانی کۆمەڵگەی کوردستان سەبارەت بە زوڵم و نایەکسانییەکان کاتێک بە ئاکام دەگا کە هەڵوێستی یەکگرتووی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەماهەنگیی پێویستی لەگەڵ میکانیزمی چالاکانی مەدەنی و خوێندکارانی نێوخۆیی هەبێ و ئەو هەماهەنگییە بوێری و متمانە بەخۆییان پێ ببەخشێ. ئەگەر ئەم جۆرە پێویستیانەی خەبات (یەکگرتوویی و هەماهەنگی) بێتە ئارا دەتوانین هیوادار بین کە بەر لەوەیکە درەنگ بێ گیانی پڕبایەخی چالاکانێکی وەک کەبوودوەند بپارێزین.

کوردستان و کورد
ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد
بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
www.kurdistanukurd.com

# ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی پاییزی ٨٩ ی هەتاوی دا

**( گرتن و کوشتن و بریندار کردنی ١٧٢ کەس لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەمساڵدا )**

**کوردستان و کورد نیوز:** دەزگا ئەمنیەتی و پۆلیسی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتی هەمیشەیی سەرکوت و کوشتوبڕی سەرەڕۆیانەیان لە کوردستان دا لاپەڕەیەکی دیکەیان لە کارنامەی ڕەشی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەڵ دایەوە.

بە پێی ئامارەکانی ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد» لە سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵ دا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان زیاتر لە ٢٣ کەسیان کوشتوە کە زیاتر لە ١٧ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون. هەر لە ئاکامی دەسرێژی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ٢٤ کەسیش بریندار بوون و وێڕای کوژرانی زیاتر لە ٨٠ سەر وڵاغی کاسبکاران، زیاتر لە ٦٥٠ باری کاسبکارانیش کە زۆربەیان لە ئێڵ سی دی و باری سیگار و پارچە پێک هاتوون، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستیان بە سەردا گیراوە.

لە نێو ئەو ٢٣ کوژراوەدا کە ناو نیشانیان ئاشکرا بوون، دوو کەسیان لە زیندانەکان دا لە سێدارە دراون و دوو کەسیشیان بە هۆی تەقینەوەی مینەوە گیانیان لە دەست داوە.

دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییش لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگە دا ئەوەندەی ناوەکانیان ئاشکرا کراوە، لانیکەم ١١٢ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی حیزبە کوردستانییەکان قۆڵبەست کردوە. ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٤٣ کەس لەوانە دوای بە ناو دادگایی کرانیان حوکمی ٦ مانگ زیندان تا ١٤ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە حەوزەی زانکۆکانیش دا بە دژی خوێندکارانی کورد بەردەوام بوە و لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵ دا ١٧ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیراون و ٤ کەس لەو ١٧ کەسە بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە زانکۆ دەرکراون و لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش کراون و ١١ کەسیشیان بە بڕیاری حیراسەت و کۆمیتە ئینزباتییەکانی زانکۆکان بە تاوانی چالاکیی سیاسی بە چەند تێرم بێبەش بوون لە خوێندن مەحکووم کراون.

چالاکانی ئایینی، ژینگەپارێزان، کۆڵبەران و کاسبکاران، خوێندکاران و چالاکانی مەدەنی قوربانییانی سەرەکیی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەو ماوەیەدا بە هۆی ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکان و دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بوون.

شایانی باسە ئەو ئامارانە تەنیا بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانە ئامادە کراوە کە بە دەستی ناوەندی هەواڵی « کوردستان و کورد» گەیشتوون و ناو و نیشانیان بە ڕوونی ئاشکرا کراون، ئەگینا بە دڵنیاییەوە قوربانیانی سیاسەتی توندو تیژی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترن کە لێرە دا ناویان هاتوە و ئاماژەیان پێ کراوە.

**خشتەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامی لە ٣ مانگی پاییزی ئەم ساڵ دا وێڕای ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی «کوردستان و کورد» دا بڵاو بۆتەوە:**

# ئاگاداریی کەمپەینی پشتیوانی لە کاندیداتۆریی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی

زۆر بەڕێزان!
ویژدانە وشیارەکان
لە گەڵ ڕێز

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، تەمەن ٤٨ ساڵ، ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری حەوتەنامەی پەیامی مەردوم (پیام مردم) و بناخەدانەری ڕێکخراوی ناحوکمیی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە دژ بە ئاپارتایدی قەومی و ڕەگەزی لە کوردستان تێکۆشانی کردووە، ئەمرۆ بە باوکی ڕوحی مافی مرۆڤ لە کوردستان ناسراوە، لە مانگی ژوئەنی ٢٠٠٧ و دوای حەوت مانگ ئەشکەنجەی سەخت لە ژووره تاکەکەسیەکان بە تاوانی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی «ڕێکخراوی پارێزگاری لە مافی مرۆڤی کوردستان»، ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا و بەندکراوە.

ڕێکخراوەکەی کەبوودوەند لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و لە سەر بنەمای ڕێکسکەوتنی ٢١ی میساقی مافە مەدەنی و سیاسیەکان کە دەوڵەتی ئێرانیش بەڵێنی ڕەچاوگرتنییانی داوە، دامەزراوە.

ئەو ڕێکخراوە کە بەرنامەکەی بە پێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە، لە ماوەی ساڵانی تێکۆشانی خۆی دا، هەموو توانایی خۆی بۆ پارێزگاری و پشتیوانی لە مافی ژنان، منداڵان، بەندکراوان، کەمایەتیەکان، خەڵکی کورد و ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی سەرجەم شارۆمەندانی ئێرانی بە کار هێناوە و داوای لە دەوڵەت و کۆمەڵگا کردووە تا ڕێز بۆ مافەکانی ئینسان دابنێن.

بەڵام محەممەد سەدیق کەبوودوەند کە لە زیندانی ئەوینی تاران بەند کراوە، لە ماوەی نیزیک بە چوار ساڵ بەندکران دا، بەرەورووی نەخۆشی جۆراوجۆر لەوانە دڵ، زەختی خوێن، مێشک و هەست و پرۆستاتی توند، بووە و چەند جار تووشی جەڵدەی ناتەواوی دڵ و مێشک بۆتەوە و هەر ئێستا لە ژێر چاوەدێری پزیشکان دایە. بەشێک لە پزیشکە تایبەتەکان ڕاپۆرتگەلێکیان لە بابەت بەرگە نەگرتنی کەبوود وەند لە بەرامبەر زیندان و بەند دا دەرکردووە بەڵام بەو حاڵەشەوە دەزگای دادوەری، ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی گوێنەدان بە ڕاپۆرتە پزیشکیەکان و بارودۆخی ناوبراو، هەروا کەبوودوەندیان لە زیندان دا ڕاگرتووە.

کەبوودوەند لە دادگایەکی ناتەبا لە گەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکان کە سیاسەتی هەڵاواردنی بەسەردا زاڵە، بە شێوەی نایاسایی حوکمی قورسی زیندانی بەسەردا سەپاوە و لە ماوەی ساڵانی زیندانیبوونی دا، وەک هەموو خەڵکی کوردستان بەرەوڕووی هەڵاواردن و ئاپارتایدی مێدیا و ڕاگەیەنەرەکان و پشتیوانی لە ناوخۆ بۆتەوە و پشتیوانی لە ناوبراو لە دەرەوەش تووشی بەرچاوتەنگیی لۆبی و گروپەکانی هاوبەرژوەند لە کۆر و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان بۆتەوە.

بنەماڵەی کەبوودوەند لە ئێوە بەڕێزان داوا دەکەین کە لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ساڵی ٢٠١١ پشتیوانی بکەن.

ئێمە لە ئێوە بەڕێزان داوا دەکەین کە لە ڕێگای ئەو لینکەی خوارەوە، لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ساڵی ٢٠١١ پشتیوانی بکەن.

http://www.gopetition.com/petition/41511.html

بە سپاسەوە
کەمپەینی پشتیوانی لە کاندیداتۆریی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی

# هاوکێشەی ڕێکخستن و هێز

حەسەن شێخانی

ڕۆژ نییە کە لە باکووری کوردستان شاهیدی بەڕێوەچوونی میتینگ و ڕێپێوانی دەیان هەزارکەسی و هاتنە سەر شەقامی خەڵک نەبین. زۆرجار مرۆڤ بە دیتنی ئەم دیمەنانە تووشی سەرسووڕمان دەبێ و ئەم پرسیارەی لا دروست دەبێ کە بە ڕاستی ئەم خەڵکە هیچ کارێکیان نیە کە وا هەموو ڕۆژێ لەسەر شەقامن؟! ئیرادەی مافخوازی خەڵکیی باکوور و بەردەوام بوونیان لە خەبات دا جێی ستایشی هەموو مرۆڤێکی بەویژدان و دێموکراتە.

لەم ساڵانەی دوایی دا پێگەی کۆمەڵایەتیی بزاڤی باکوور بە شێوەیەکی بەرچاو بەرین بۆتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بازنەی بزاڤ بەرفراوانتر دەبێتەوە. ئاکامەکانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ٢٩ی مارسی ٢٠٠٩و ڕاپرسی لەسەر مادە هەموارکراوەکانی قانوونی بنەڕەتیی تورکیە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

ئامادە بوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری خەڵک لە گۆڕەپانی خەبات دا پشت بە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو دەبەستێ کە زیاتر لە سێ دەیەیە بە شێوەیەکی مۆدێڕن لە ئارادایە. لەسەر بنەمای بەستێن سازیی ئەم بزووتنەوەیە و بە پێی هەوڵ و تێکۆشانەکانی چەندین ڕێکخراوی بەهێزی مەدەنی و سیاسیی بیاڤی لێگاڵ، ئەو دیاردە پۆزەتیڤانە دەرکەوتوون وئەو دەسکەوتانەش بەدیهاتوون. هەنووکە بێجگە لە پارتی ئاشتی و دێموکراسی bdp کە پارتێکی لێگاڵە و نوێنەرایەتیی کوردان لە پارلەمانی تورکیەدا دەکا، چەندین دامەزراوەی دیکەش لەوانە، کۆنگرەی جڤاکی دێموکراتیک kck و ئەو شارەوانیانەی کە لە دەست لایەنی کوردی دان، بەردەوام خەریکی ڕۆشنگەری و ڕێکخستن و ئەکتیڤ کردنی وزە و پۆتانسییەلی کۆمەڵگەی کوردین لە پێناوی گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان دا. ئەمە بێجگە لە دەیان بنیات و ngoی دیکە کە لەم بوارەدا چالاکن و هەرکامیان ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەیە.

ڕێبەرایەتیی بزاڤی باکوور گرینگیی ڕۆڵی ڕێکخستن و کۆمەڵگەیەکی بە ڕێکخستن کراو لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان دا دەزانێ و پێی وایە کۆمەڵگەی بە ڕێکخستن کراو کۆمەڵگەیەکی بە هێزە کە دەتوانێ بەسەر هەموو کەند و کۆسپەکاندا زاڵ بێ و بە سەرکەوتن بگا. لەو پێناوەدا هەنووکە لە باکووری کوردستان هەوڵێکی جیددی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەکان لە ئارا دایە. شاندەکانی کۆنگرەی جڤاکی دێموکراتیک لە پێناو پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنانەدا هەر ڕۆژەی سەردانی شارو ناوچەیەکی باکوور دەکەن و لە لایەن هەزاران کوردستانییەوە پێشوازییان لێدەکرێ. عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە هەموو دیدارەکانی لەگەڵ پارێزەرانی دا لەو ڕێنماییانەی دەیانێرێتە دەرەوە، لە سەر پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەکان پێداگری دەکا و پێی وایە هیچ شتێک لە دەرەوەی تواناکانی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو دا نییە. ئەمە لە لایەک ژێریی ڕێبەرایەتیی بزاڤ دەگەیەنێ و لە لایەکی دیکەش هەوڵی ڕێبەرانی بزاڤی باکوور لەم کاتەوە کە بە شێوەیەکی مۆدێڕن سەری هەڵداوە، لەسەر ئەم ڕاستییە پێداگری دەکا کە چارەسەرکردنی پرسی کورد تەنیا کاری چەند پارت و ڕێکخراوی سیاسی نییە. ئەگەر پارتەکان خاوەنی دەیان هەزار گەریلاش بن تەنیا کاتێک سەرکەوتن بە دەست دێنن کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەش ببێتە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزی ئازادیخوازی و لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی دا چالاکانە بەشداری خەبات بێ. ڕزگار کردنی گەلێک کاری چەند



پارت و ڕێکخراوی سیاسی نییە بەڵکوو پێویستە هەموو تاکەکانی گەل هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و بەشێک لە باری قورسی خەبات بخەنە سەر شانی خۆیان.

ئەگەر ئەمرۆکە دەبینین خەڵکی بزاڤ ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی باکوور لە چوارچێوە و فۆرمی ڕێکخراوو دامەزراوەی جۆراوجۆردا ڕاکێشی نێو پرۆسەی شوناسخوازی بکەن و لەم ڕێگەیەوە باری قورسی خەبات بخەنە سەر شانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و لەم پێناوەدا بەرپرسیارو ئەرکداریان بکەن.

باکووری کوردستان بە شێوەیەکی نەپساوەو ماندوویی نەناسانە لەسەر شەقامن و خەریکی خۆ بەڕێکخستن کردنی زیاتری خۆیانن و، بە شێوەیەک دەجووڵێنەوە کە گۆیا هەمیشە لە قۆناغی پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردنەکان دان، بەرهەمی دەرک کردن بەم ڕاستییانەی سەرەوە و ژیریی ڕێبەرایەتیی بزاڤە.

سیستمی سیاسیی نیمچەکراوەی تورکیە دەرەتانی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراو گەلی جۆراوجۆری مەدەنی ڕەخساندووەو کوردەکان دەتوانن لەم فەزایە بۆ زیاتر بە ڕێکخراو کردنی خۆیان کەڵک وەربگرن. ڕاگەیاندنی ئاگربڕی یەکلایەنەی کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) تا دوای هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ٢٠١١ی تورکیە، بڕیارێکی هوشمەندانە بوو لە پێناو ئامادە بوونی زیاتری کورد لە بیاڤی لێگاڵ دا، کە ئەمەش لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو دێتە ئاراوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین ئەگەر تا هەنووکەش دەوڵەتی تورک بە شێوەیەکی جیددی لەگەڵ پرسی کورد مامەڵە ناکا و لەم بوارەدا هەنگاوی پێویست هەڵناهێنێتەوە، نیشاندەری ئەوەیە کە پێویستە کوردەکان لەسەر بنەمای خۆ بەڕێکخستن کردنی زیاتری کەمەڵگە، زیاتر لە پێشوو خۆیان بە هێز بکەن تا سەرەنجام دەوڵەتی تورک ناچار بە مامەڵەیەکی پۆزەتیڤ و جیددی لەگەڵ پرسی کورد بێ.

# ئاگر کەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان و چەند هۆکارێک

سیروان مووساپوور

ماوەی چەند مانگێکە لێڕەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شەپۆلێکی بەرفراوانی ئاگرکەوتنەوە بوون و بەم هۆیەوە سروشت و ژینگەی کوردستان و ئەم سامانە گشتی و نەتەوەییە تووشی زیان و خەسارەتێکی گەورە بووە. بوونی لێڕەوار لە هەر ناوچە و وڵاتێکدا لەگەڵ ئەوەیکە سامانێکی گشتی و نەتەوەییە لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک قازانج و سوودی بۆ ئەو ناوچەیە هەیە کە تاک تاکی ئەو کۆمەڵگایە کەڵکی لێ وەردەگرن کە دەتوانین ئاماژە بە پاک ڕاگرتنی هەوا، پاراستنی ئاو، پێشگرتن بە لافاو و خێرایی با، جوانکردنی سروشت، ڕاکیشانی توریست و ... بکەین. بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ هەروەک چۆن گشت خەڵکی ناوچەکە لە سوود و قازانجەکانی ئەم سامانە سروشتییەدا خاوەن بەش و بەهرەمەندن، بێگوومان پێشهاتنی هەر بەڵا و کارەساتێکیش کە تووشی ئەم دارستانانە ببێتەوە زیان بە هەمووان دەگەیەنێ و خەسارەکەش وەک خەسارەتێکی گشتی و نەتەوەیی دێتە ئەژمار.

ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵی لێڕەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەم لە باری پانتایی و هەم لە باری زیان و خەسارەکانی ئەگەر نەڵێین بێوێنە، کەم وێنە بووە. وەک ڕاگەیەنەکان باس دەکەن ئەم ئاگرکەوتنەوانە هەر لە جەنگەڵەکانی زاگرۆس و کێوەکانی دالاهۆ و لورستانەوە بگرە هەتا دارستانەکانی مەریوان و سەقز و تەنانەت سەردەشتیشی گرتۆتەوە و زیاتر لە ٥٦٠٠ هێکتار زەوی و زاری سروشتی کوردستان سووتاوە کە بەو هۆیەوە داهاتوویەکی ڕەش و ناخۆش بۆ ئیکۆسیستمە بێوێنەکانی ناوچە چاوەڕوان دەکرێ. (ئیکۆسیستم: گشت زیندەوەرانی ناوچەیەک و پێوەندیی نێوانیان).

لەگەڵ ئەوەیکە کەسانێکی بەرچاو هەم لە ناوخۆی دەسەڵات و هەم لە دەرەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا ئاماژە بە بوونی دەستێکی بە ئانقەست لە پشت سووتانی دارستانەکان دەکەن، بەڵام ئەوانەیکە وەک بەرپرس لە دام و دەزگاکانی ڕێژیم لەم بارەوە دێنە ئاخافتن، زۆربەیان ئاو و هەوای گەرم و وشک و بوونی پووش و پەڵاشی زۆر و کەمتەرخەمی و بێموبالاتی خەڵک بە هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوانە دەزانن. ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی لەم ڕووداوە بڕوانین، هەموومان دەزانین کە ئاگرتێبەربوونی دارستانەکان شتێک نییە تایبەت بە کوردستان و ئێران بێ، هەر لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا گەورەترین ئاگرکەوتنەوە بە درێژایی مێژووی ئیسرائیل، دارستانەکانی ئەم وڵاتەی گرتەوە و جیا لە زیانی ماددی و ژینگەیی بە دەیان کەسیش کوژراو و بریندار بوون. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە داخۆ درێژبوونەوەی ماوەی ئاگرکەوتنەوەکە لە ڕۆژهەتی کوردستان لە خودی ئاگرکەوتنەوە ناخۆشتر و زیان هێنەرتر و بە واتایەکی تر ناحەزتر لە ناحەز نییە؟! ئەگەر ئاگرکەوتنەوەکانیش بە دیاردەیەکی سروشتی دابنێین و تێیدا خەڵک و دەسەڵات بە تاوانبار نەزانین، تۆ بڵێی لە درێژبوونەوەی ماوەی ئاگرکەوتنەوەکەدا دەوڵەت وەک ڕێژیمی دەسەڵاتدار و



خەڵک وەک خاوەنی ڕاستەقینەی دارستانەکان بێگوناح بن؟؟

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندێک لە هۆکارەکانی ئەم ئاگرکەوتنەوانە و بەردەوام بوونیان دەکەین:

یەکەم: نەبوونی ئیمکاناتی گەشتیاریی پێویست بۆ کەسانێک کە وەک توریست ڕوو لەم ناوچانە دەکەن. زۆر جار ئاگرکردنەوەیەکی سادە یان بەجێهێشتنی ئاگرەکە بە نەکووژاوەیی زیانی گەورەی تووشی دارستانەکان کردووە. لێرەدا ئەرکی حکوومەتە کە کەرەسە و ئیمکاناتی پێویست بۆ گشت ئەو خەڵکانە دابین بکات کە سەردانی ئەم دارستانانە دەکەن.

**دووەم:** تۆپباران کردنی ناوچەکە لە لایەن حکوومەتەوە. تۆپباران کردنی ئەم ناوچانە بە بیانووی هێزەکانی نەیاری حکوومەت هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئیمڕۆ درێژەی هەبووە. ئەم تۆپبارانانە لەگەڵا ئەوەیکە زیانی زۆریی ماددی و مرۆیی تووشی خەڵکی کوردستان کردووە، خەسارەتێکی بەرچاویشی بە ژینگە و سروشتی کوردستان گەیاندووە.

سێهەم: دابین نەکردنی ئیمکاناتی پێویست و پێشکەوتوو بۆ دامرکاندنەوەی ئاگر. کووژاندنەوەی ئاگر بە تایبەت لەم ناوچانەدا کە ناوچەگەلێکی کوێستانی و شاخاوین، پێویستی بە بوونی کەرەسە و ئیمکاناتی پێشکەوتووی وەک فرۆکە و هێلی کۆپتەری ئاگرکووژێنەوە هەیە کە بەهۆی کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدانی بەرپرسانی حکوومەتیی هەواڵێک لەم شتانە نییە.

چوارەم: نەبوونی کادری ڕاهاتوو و دەورەدیتوو بۆ کووژاندنەوەی ئاگر. ئەو کەسانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراون، زۆربەیان کەسانێکن کە ئامووزشی پێویستیان بۆ کووژاندنەوە و ڕیگاکانی پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی وەها ئاگرکەوتنەوەیەکیان نەدیوە. لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا، کەسانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی دیاردە سرووشتییەکان دیاری کراون. بەڵام لە ئێران یان لانیکەم لە کوردستان وەها کەسانێک نین و زۆربەی کاتەکان خەڵک بۆ خۆیان دەست بە کار دەبن.

**پێنجەم:** نزم بوونی ئاستی ڕۆشنبیریی پاراستنی ژینگە لای هاووڵاتیان. لە گشت هۆکارە باسکراوەکاندا بێگوومان حکوومەت تاوانباری سەرەکی یە، بەڵام با جارێکیش ڕووی قسە لە خۆمان بکەین و ئەگەر لە ئاگرکەوتنەوەکانیشدا هۆکار نەبین، ئەوا لە کووژاندنەوەی ئاگرەکەدا بێ گوناح نیین. لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا وەک باس دەکرێ، زیاتر لە هەشت سەد حاڵەتی ئاگرکەوتنەوەهەبووە بەڵام هەتا ئێستاش خەڵکی کوردستان بە گشتی خاوەنی هەڵوێستێکی بەرپرسانە و لێبڕاوانە نەبوون و بێزاری و دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەداوە کە دەوڵەت حیسابی لەسەر بکا.دەبێ ئەوە باش بزانین کە ژمارەی کەسانی خاوەن هەست و هەڵوێست زۆر زەۆر کەمترە لەو کەسانەی کە بە خەمساردی بە پەنای ئەم کارەساتە ژینگەییەدا تێدەپەڕن و «ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە»یان کردۆتە دروشمی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان.

زۆر کەمن ئەوانەیکە بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر نەسڵەکانی ئەمڕۆ و داهاتوودا ئامادەن بە دەستی بەتاڵ و ئیمکاناتی خۆیان بە گژ تین و بڵێسەدا بێن و زۆر زۆریشن ئەوانەیکە بڵێسەکانی ئەم ئاگرە گەورەیەش ویژدانی خەوتوویان وەخەبەر ناهێنێ. باشە ئەگەر ڕێژیم کوردستان بە هی خۆی نازانێ و لە ئاگرکەوتنەوەکان و درێژبوونەوەیاندا تاوانباری سەرەکی یە، ئەی خەڵکی کوردستان بە گشتی چی؟ بە ئاشکرا دەبێ دان بەم ڕاستییەدا بنێین کە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە حاست گرفت و کێشە گشتییەکاندا لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر لاوازە و هەر ئەم خەمساردی و خۆ بە بەرپرس نەزانینە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئاوەڵا هێشتنەوەی هەرچی زیاتری دەستی کاربەدەستانی ڕێژیم لەم ڕووداوە و زۆر ڕووداوی تریش.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە وەبیر بێنینیەوە کە پاراستنی ژینگەی کوردستان ئەرکی تاک تاکی هاونیشتمانانی کوردستانە و هەر وەک چۆن لە قازانج و سوودەکانی دارستانی خۆیان بە بەشدار و خاوەن بەش دەزانن، پێویستە لە کاتی پێشهاتنی وەها ڕووداوگەلێکی زیان هێنەریش بە هانای ئەم سامانە نەتەوەییەوە بێن، ئەگینا ڕۆژێک دادێ دووکەڵی ئاگری دارستانەکان بچێتە چاوی گەورە و بچووکی هاووڵاتیانی ئەم نیشتمانە.

# دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

مستەفا شلماشی

(بەشی سێهەم)

لە بەشی دووەم دا گە یشتینە ئەو جێگایەی کە هێندێک نموونەی دیپلۆماسی سەرکەوتوی گەلانی بن دەست و ئازادیخواز باس بکەین. هۆی سەر کەوتنی ئەو گەلانە لە گەیاندنی پە یامی خۆیان بە گە لانی دنیا و لەو ڕێگایە وە دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان هەڵسەنگێنین و هە وڵ بدەین ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە بۆ گە لە کەمان دەکرێ ببنە وانە.

لە مێژووی تازەدا دەتوانین ٣ وێنەی باشوری ئەفریقا، تیمۆری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ بە وێنە بێنینەوە، کە هەرکامیان لە کەرتێکی دنیا داهەڵکەوتوون و لە هەل و مەرجی جیاوازدا هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان داوە.

**١ . باشوری ئەفریقا**

مێژووی باشوری ئەفریقا زۆر کۆنە. مێژووی جەنگەڵییەکان لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥،٠٠٠ ساڵ پێش و دانیشتوانی مێژووی تازەی ئەو وەڵاتە واتە (Bantoe ) دەگەڕێتەوە بۆ ٢،٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا. بەڵام مێژووی نوسراو لە کاتی هاتنی ئوروپاییەکانەوە دەست پێ دەکا. پورتوگالییەکان و هولەندیەکان هەر لە سەدەی شازدەوە لە و وەڵاتە دا بە دوای دەرهێنانی زێڕ دا وێڵ بوون. بەتایبەت لە لایەن هولەندییەکانەوە یەکەم کۆڵۆنی لە ٦ی ئاوریلی ١٦٥٢ دا دامەزرا، کە لە باری ئیدارییەوە سەر بەخۆ بوو. بە درێژایی سەدەکانی ١٧ و ١٨ هولەندییەکان لەوێ دەستیان کرد بە دروستکردنی شاری تایبەت بە خۆیان و بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. ئەو شارانە پر بوون لە دانیشتوی ئوروپایی بە تایبەت هولەندی. تازە هاتوەکان هەوڵیان دا کلتوری دانیشتوانی ئەسڵی لە نێو بەرن و لە هەمو بارێکەوە خۆیان بەسەر ئەو وەڵاتانەدا بسەپێنن. ئەوان کۆیلە یان لە وەڵاتانی دیکەی وەک ئەندۆنزی، ماداگاشکار و هیندەوە دێنا و لە کان و کێڵگەکان دا کاریان پێ دەکردن.

بەدوای دیتنەوەی پلاتین لە ١٨٦٧ و ڕیشەکانی بەرپڵاوی زێڕ لە ١٨٨٦ دا و دەرکەوتنی سامانێکی بێ سنور لەو وەڵاتە، تازە هاتووەکان کە هەمو ئیمکاناتی ئابوری و گە شە کردن و زانستی یان لە دەست دابو، دەستیان کرد بە پاکتاوی ڕەگەزی و هەوڵیان دا دەست بەسەر هەمو سەروەت و سامانی ئەو وەڵاتەدا بگرن و دانیشتوانی ئەسڵیش وەک کۆیلە چاو لێ بکەن. ئەوەش سیستمی جیاوازی ڕەگەزی لێ کەوتەوە کە بۆ دەیان ساڵ بەردەوام بوو. بەڵام دانیشتوانی ئەسڵی قەت کۆڵیان نەدا و تەسلیمی ئەو ناعەداڵەتییە نەبوون. بە شێوەی جۆراوجۆر بەربەرەکانیان کرد و لەو پێناوەدا قوربانیان دا. لە ساڵی ١٩١٢ دا کۆنگرەی نەتەوەیی ANC ی و دواتر بەرەی یەکگرتووی دێموکڕاتی یان پێکهێنا و نەیان هێشت سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی بە ڕاحەتی باڵ بکێشێ و کارێکیان کرد کە ڕژیمی جیاوازی ڕەگەزی(apartheid ) وا لە فشار بکەوێ کە بۆ دەرباز بوون لە و قەیرانەی بەسەری دا سەپابوو، بیر لە ئاڵ و گۆڕێکی ڕووکەش بکاتەوە.

یەکەمین ئاڵ و گۆڕەکان لە باشوری ئەفریقادا لە ساڵی ١٩٧٧ دا دەستی پێ کرد. ئەوەش کاتێک بو کە Pieter Willem Botha ڕێبەرایەتی پارتی نەتەوەیی دەسەڵاتداری بە دەستەوە گرت. ئەو دەرکی بەو ڕاستییە کرد کە سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە ناتوانن درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن، ئەگەر ئامادە نەبن ئاڵ و گۆڕ بەسەر جیاوازی دانانی ڕەگەزی «apartheid»دا بێنن. ناو براو شادروشمێکی «motto» گرنگی هێنایە گۆڕێ، ئەویش ئەوە بو»die or t adap « بمرە یا ئاڵ و گۆڕ بکە. هەر ئەو ئاڵ و گۆڕە بچوکانە بوونە هۆی ئەوەی کە ڕەشەکانی ئەو وڵاتە کە زووربەی دانشتوان پێک دێنن، بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرن و لە ڕێکخستنێکی هەمو لایەنەدا بۆ سەر یەکخستنەوەی هێزەکانی خۆیان بە رەی یەکگرتوی دێموکڕاتی «UDF « ed Democratic FrontitUn پێک بێنن.

ئەوبەرەیە پێک هاتبو لە یەکگرتنی زیاتر لە ٦٠٠ ڕێکخراوی ڕەش پێستەکانی ئەو وڵاتە، کە دژی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی خەباتیان دەکرد. بە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانە لە ناو خۆی وڵاتەکەدا، هەوڵەکانی دیپلۆماتیک لە دەرەوەی وڵات بە مە بەستی فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتی ڕەگەز پەرست بە خێراییەکی بێ وێنە پێشکەوت. لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانە هە مەلایەنە دا، وەڵاتانی ڕۆژئاوایی هە ستیان بە ڕاددەی چەوساندنەوەی ڕەشپێستەکان و بەر فراوانی و دژی ئینسانی بوونی سیاسەتی جیاوازی دانانی ڕەگەزی کرد و لە هەمولایەکەوە دەستیان دایە گەمارۆ دانی ڕەگەزپەرستان.

هەر چەند بۆتا دەی هەویست بە ئاڵ و گۆڕێکی کەم ڕژیمەکەی ڕزگار بکا و نەهێلی فەرمانی دەسەڵات و ئیمکانات لە دەست سپی پێستەکان دەربچێ، بەڵام ڕەشپێستەکان توانیان لە ژێر ڕێبەرایەتی خەباتکارانی وەک نیلسۆن ماندێلا دا لە و دەرفەتە بە تەواوی کەڵک وەرگرن. خۆ ڕێکخەن، یەکبگرن و لە ڕێگای پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئە فریقا « ANC « و ە و بە هێرشێکی دیپلۆماسی بەر بڵاو دنیا لە دژی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی هان بدەن. بۆ یە کاتێک کە» بۆ تا» لە نێوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا ویستی بە زەبر و زەنگ چەرخی ڕەورەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگێڕێتەوە و چالاکی ڕەشپێستەکان ڕابگرێ. لە گە ڵ بەرەنگاربونەوەیەکی بەهێزی نێوخۆیی و نێو نەتەوەیی بەرەو ڕوو بوو. لە و بەرەنگاربوونەوەیەدا هێزیی ڕگەزپەرستی شکستێکی گەورەی خوارد، چوونکە لە ڕوو بەڕووی دا دیوارێکی پوڵایین لە چالاکیی نێونەتەوەیی هەبوو. بە شێوەیەک کە لە وەڵاتی دایکی سپی پێستەکانی باشوری ئەفریقا(واتە هولەند) چالاکی دژی جیاوازیی ڕەگەزی لە هەمو وەڵاتێک بەهێزتر بوو.

هەرچەندە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا «ANC « هەر لە ساڵی ١٩١٢ ە وە پێکهاتبو، بەڵام دەکرێ بڵێین لە دوای ئە و یەکگرتنە مەزنەوە بو کە خۆی گرت و بوو بە هێز. کۆنگرەی نەتەوەیی ئە فریقا « ANC « توانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی ڕابگەیەنێ و لافاوی ڕەشپێستەکان بێنێتە سەر شەقامەکان و هەر لەو کاتەش دا سەرنجی هەمو دنیا بۆ لای ئەو ڕاپەڕینە ڕاکێشێ. یەکگرتنی ڕەشپێستەکان ئەوەندە کاریگەر و لۆبی سیاسیان لە دەرەوە ئەوەندە بەهێز بو کە تەنانەت ئەو بەشە لە ڕەشپێستەکان کە لە گەڵ ڕەگەزپەرستی گونجابوون ڕاستبونەوە و جوڵانەوەی کۆساتۆ»Cosatu « یان پێکهێنا کە ئەوەندەی دیکە کۆنگرەی نەتەوەیی پێ بە هێز بوو.

لۆبیی دیپلۆماتیک کە بە هاوکاری سیاسییەکان، وەرزشکارەکان، هونەرمەندەکان و ڕووناکبیرەکان لە دەرەوە بە گشتی بە ڕێوە دەچو کارێکی کرد کە نەک تەنیا جووڵانەوە بەرێتە ئاستێکی زۆر بەهێز، بگرە داوای ئازادکرانی نێلسۆن ماندێلاش بکەن کە لەو کاتەدا ببو بە سیمبۆلی سەربەخۆیی باشوری ئەفریقا.

فشارەکان لە ڕاستی دا ڕژیمی جیاوازیی ڕەگەزیان بە چۆک داهێنابو. بۆتا بە تەواوی بێ تاقەت ببو. ئاڵ و گۆڕگە یشتبۆ بن گوێی ئەپارتاید. ڕێبەریی حیزبی نەتەوەیی سپی پێستەکان دەسەڵاتی تەسلیم بە کەسێکی دیکە کرد و اتە « Frederik Willem de Klerk « فریدریک ویڵم د کلێرک. ئەویش چارەیەکی نەبو جگە لە وەی لە بەرامبەر هێزی لە بن نە هاتوی یەکگرتن و دیپلۆماسی باش دا تەسلیم بێ و بۆ پاراستنی خۆیان لە تۆڵە کردنەوە بە خێراییەکی زۆر ڕیفۆرم بکا. لە ١٩٩٠ دا نیلسۆن ماندێلا ئازاد کرا . دەوڵەتی ڕەگەز پەرستان مەجبور بو بناغەکانی خۆی هەڵوەشێنێ، « PAC، ANC « و گرووپەکانی دیکە بوونە قانونی و لە ساڵی ١٩٩١ دا ماندێلا و د. کلێرک و گرووپەکانی دیکە پەیماننامەی ئاشتیان ئیمزا کرد و ڕێگای هەڵبژاردنی دێموکڕاتیکیان ئامادە کرد. بەم جۆرە هەل ڕەخسا بۆ زۆرینەی ڕەشپێست کە بە ڕێگای هەڵبژاردن دا دەسەڵاتی وڵات بە دەستەوە بگرێ.

لە و پرۆسەیە دەکرێ سێ وانەی سیاسی زۆر گرنگ وەربگرین. یەکەم شوێنکاری یەکگرتنە لە سەر پرۆسەی سیاسی و کاری دیپلۆماتیک. دووەم بەرفراوانبونی دیپلۆماسییە و گواستنەوەیەتی بۆ قۆناغی لۆبیگەری کە تێیدا هەمو هێزی نەتەوە کۆ دەبێتەوە، بە سیاسەتمەدار و وەرزشکارو هونەرمەندەوە. سێهەم قۆستنەوەی دەرفەت و گەیاندنی دەنگی نەتەوەیە لە دەرفەتێکی کەم دا بە گوێی جیهانیان و فۆرمۆلە کردنی داخوازییەکان و قەبوڵاندنیانە.

**٢ . تیمۆری ڕۆژهەڵات:**

مێژووی ژیانی ئادەمیزاد لە تیمۆر دا تا ٢٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایین ناسراوە. هەوەڵین گروپەکانی مرۆڤ لە ئوستوڕالیاوە هاتونە ئەو جەزیرەیە و دواتر ئەندۆنزی و مالیزییە کان هاتوون و دواترین گروپیش لە باشوری چینەوە گە یشتونە ئە و جەزیرەیە. مێژووناسان دەڵێن خەڵکی ئەو و ڵاتە لە جیاتی ڕوو لە کەنارەکانی دەریا بکەن، بە پێچەوانەی زوورب‌ەی گەلانی دیکە ڕوویان لە نێوخۆی وڵاتەکە و چیاکان کردووە. ئاڵ و وێری بازرگانی بەدەست هیندی و چینییەکانەوە بووە کە دەریاوانیی ئەو ناوچەیان لە دەست دابووە. دواتر لە سەدەی ١٦ دا ئوروپاییەکان ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و قۆناغێکی تازەی مێژوویان لەو وڵاتەدا تۆمار کردووە. بە پێی سەر چاوە ئوروپاییەکان لە و سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی ناوەندیی بە هێز لە و وڵاتەدا فەرمانڕەوا نەبووە، بەڵکو سەرۆک هۆزەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و هەروەک وڵاتی چکۆلەی سیستمی پاشایەتی خۆیان بەڕێوە بردووە.سەرەتای سەدەی ١٦ پورتوگالییەکان گەیشتونە ئەوێ و پاشانیش هولەندییە کان لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا پەلیان بۆ ئەوێ ڕاهاویشتووە.

لە دوای سەدەی شازدەوە هولەندییەکان دەستیان بەسەر ئەندۆنزی و باشوری تیمۆرداگرت و بە شی ڕۆژهەڵاتی تیمۆریش کەوتە دەست پورتوگالییەکان. بەم جۆرە ساڵی ١٧٠٢ ڕۆژهەڵاتی تیمۆر بوبە موستەعمەرەی پورتوگاڵ. دیارە پورتوگاڵییەکان ئەو وەڵاتەیان سەرتاپا کردە کێڵگەی قاوە و گەنمە شامی. یە کەم دەسەڵاتداری تیمۆری ڕۆژهەڵات لە لایەن پورتوگالییەکانەوە (António Coelho Guerreiro) بوو کە دەسەڵاتی خۆی بە ڕێگای سەرۆک هۆزەکان دا بەڕێوە دەبرد. دوای ئەوەش کە دەسەڵاتی بەربڵاوی هولەندییە کان لە وڵاتانی ئەندۆنزی دا ساڵی ١٨٥٩ لە قەراردادی لیزابۆن دا لە گەڵ پورتوگالییەکان ڕیک کەوتن، ئەو بەشە لە تیمۆر هەر لە ژێر دەسەڵاتی پورتوگالییەکان دا مایەوە. بەڵام سنوری ڕەسمی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩١٦ دا لە (Den Haag ) ، یا شاری «لاهای»هولەند دیاری کرا. تا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ پورتوگالییەکان تەنیا وەک ناوەندێکی بازرگانی چاویان لە موستەعمەرەکانیان دەکرد و بۆیەش نێوانیان زۆر ناخۆش نەبو لە گەڵ گە لانی ئەو وڵاتانە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی ٢٠ دا کە ئابوری وەڵاتی خۆیان تێک چوو، هێزێکی نیزامی زۆریان بردە ئەوێ تا داهاتەکانی وەڵاتانی موستەعمەرە بگوێزنەوە بۆ وەڵاتی خۆیان. لە تیمۆری ڕۆژهەڵات دا لە گەڵ بەرەنگاربونەوەیەکی بەهێزی خەڵک ڕووبەڕوو بونەوە و لەو سەردەمەدا زیاتر لە ٣٠٠٠ پارتیزانی تیمۆرییە کان کوژران. ئەوە سەرەتای دەست پێکردنی خەباتی تیمۆری ڕۆژهەڵات بو لە پێناوی سەربەخۆیی دا. دوای ئەو کاتە لە ژێر هیچ فشارێک دا دەستیان لە داوای سەربەخۆیی هەڵنەگرت و تەواوی ئەو هۆزانەش کە بە شێوەی نیمچە پاشایەتی لە هۆزە جیاوازەکان دا دەژیان یەکیان گرت و نوێنەرایەتییەکی پەیوەندی هاوبەشیان دامەزراند.

لە شەڕی جیهانی دووەم دا تیمۆری ڕۆژهەڵات دەستاو دەستێکی زۆری کرد. ساڵی ١٩٤١ لە لایەن هولەندی و ئوستوڕالییەکانەوە داگیر کرا بۆ ئەوەی ڕیگا لە هاتنی ژاپۆنییەکان بۆ ئەوێ بگرن. بە وحاڵەش لە فەورییەی ١٩٤٢ دا ژاپۆن هێرشی بۆ کرد و لە دەست هولەندی و ئوستوڕالییەکانی دەرهێنا. بە و جۆرە هەمو تیمۆر بوبە بەشێک لە ژاپۆن. هێندێک لە هولەندی و ئوستوڕالییەکان شەڕی پارتیزانیان دژی ژاپۆن دەست پێ کرد و تیمۆرییەکانیش هاوکارییان کردن. ئاخرەکەشی سەربازەکانی هولەندی و ئوستوڕالی ڕۆیشتن و تیمۆرییەکانیان بە بێ پشتیوان بە جێ هێشت. ژاپۆن لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و خەڵکی تیمۆری بە توندی سزا دا.

بە لام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووەم و شکانی ئاڵمان و ژاپۆن لەو شەڕە دا،ساڵی ١٩٤٨ سەر و کە للەی پورتوگالییەکان دیسان لە تیمۆری ڕۆژهەڵات پەیدا بۆوە. پورتوگاڵ هەوڵی دا وەزعی نابە سامانی ئابوری باشتر بکا، بەڵام تیمۆرییەکان بڕیاریان دابو سەر بەخۆیی بەدەست بێنن. هەربۆیە بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی دەسەڵاتی پورتوگاڵ نە بوون و لە دەرەوە و ناوەوە ی وڵات دەستیان بە خەبات و خۆ ڕێکخستن کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لە پورتوگاڵ شۆڕشی دێموکڕاتیک کراو دیکتاتۆری جێگای خۆی دا بە دێموکڕاسی. ئەنجام ئەوە بو کە پورتوگاڵ دەستی لە ئیستیعمارگەری هەڵگرت و بەم جۆرە تیمۆری ڕۆژهەڵات توانی بە بەشداری ٣ حیزب یەکەم هەنگاو بەرەو دێموکڕاسی هەڵگرێ و هەڵبژاردن بکا، کە لەو هەڵبژاردنەدا حیزبی سەربەخۆیی تیمۆری ڕۆژهەڵات توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و لە ٢٨ ی نووامبری ١٩٧٥ دا سەربەخۆیی ڕاگەیەنێ.

بەلام یەک حەوتوو دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەندۆنزی هێرشی بۆ کرد و داگیری کرد. ئەو داگیر کردنە شەڕێکی خوێناوی بە دواوە بو کە لە ١٩٧٦ دا بە قازانجی ئەندۆنزی کۆتایی پێهات و ئەندۆنزی کردی بە ٢٧ ەمین ئوستانی خۆی. بە هۆ خەباتی دیپلۆماتیکی سیاسەتوانانی تیمۆری لە سەرانسەری دنیادا لۆبی تیمۆری ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد. تیمۆرییەکان بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی داگیرکاریی ئەندۆنزی نەبوون و کارێکیان کرد کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەڵاتانی جیهان ئەو داگیرکارییەی ئەندۆنزی قەبوڵ نەکەن. دوای داگیر کران لە لایەن ئەندۆنزیەوە دەیان ساڵ تیمۆری ڕۆژهەڵات شانۆی شەر و توندو تیژی و ئیعدام و زیندان بو کە خوێناویترین کاتی ئەو شەڕە حەمامی خوێنی سانتاکروز بو لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە لە خۆپیشاندانێکی هێمنانەو مەدەنی دا ٢٥٠ کە س لە لاوانی ئەو وڵاتە کوژران. وێنەی ئەو بە کۆمەڵ کوشتنە گەیشتە سەر تەلەفیزیۆنەکانی هەمو دنیا.

سیاسی- دیپلۆماتەکانی تیمۆری بە باشی دەنگی گەلەکەیان قۆستەوە و لە سەراسەری دنیادا بە یەکگرتوویی مافی ڕەوای وڵاتەکەیان هێنایە گۆڕێ. لە ١٩٩٨ دا سەرۆکی ئەندۆنزی سۆهارتۆ مەجبور بە ئیستیعفا بوو. جێگری ئەو حەبیبی لە ژێر فشاری دیپلۆماسی بەهێزی چالاکانی تیمۆری و هێزە دەرەکییە کان دا مەجبور بوو ڕیفراندۆم لە و وەڵاتەدا قەبوڵ بکا و تیمۆرییەکان دەیان توانی هەڵبژێرن بۆ ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی. کە دیارە لە ئەنجامی یەکگرتوویی و بە جەماوەری بوونی خەبات دا، تیمۆرییەکان سەرەڕای ترساندن و فشاری سەربازانی ئەندۆنزی و لە زۆر جێگا دا فرت و فێڵ کردن، بە زۆرایەتی ٧٨،٥٪ دەنگیان دا بە سەربەخۆیی.

بەم جۆرە تیمۆری ڕۆژهەڵات وێنەیەکی دیکەی لە دیپلۆماسی سەرکەوتو نیشان دا کە تەنیا بە یەکگرتوویی، بەردەوامی و لێبڕاوی دەی توانی بەدەستی بێنێ. دەرسێک کە لە و مەسەلەیەش دەست دەکەوێ ئەوەیە کە گەلێک ئەگەر بیهەوێ ڕزگار بێ پێویستە ٣ مەرج لە خۆی دا پێک بێنێ. ١. یەکگرتوو بێ. ٢ . لە ویستی ڕزگاری دا لێبڕاو بێ ٣. لە دیپلۆماسی دا ئیمانی بەخۆی هەبێ و چالاک بێ.

**گەلێک ئەگەر بیهەوێ ڕزگار بێ پێویستە ٣ مەرج لە خۆی دا پێک بێنێ. ١. یەکگرتوو بێ. ٢ . لە ویستی ڕزگاری دا لێبڕاو بێ ٣. لە دیپلۆماسی دا ئیمانی بەخۆی هەبێ و چالاک بێ.**

**٣ . کۆسۆڤۆ:**

کۆنترین دانیشتوانی کۆسۆڤۆ ئیلیرییەکان بوون . لە ١٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە ئەوان لە کەنارەکانی دەریای ئەو وەڵاتە دا نیشتەجێ بوون. لە سەدەی ٥ دا سلاوییەکانیش چۆمی داناو یان تێپەڕاند و گەیشتنە ئەو ناوچەیە. ئەوان لە هۆزی جیاواز دا دەژیان کە بەتەواوی لە دنیای دەرەوەی خۆیان دابڕابوون. لە ژێر شوێنکاری کلتوری ڕۆمی-بیزانتینی دا هاتبون، بەڵام لێرە کلتوری مەسیحی یان دەناسی. هەر بۆیەش بە شی زۆریان هەر بە مەسیحی ئۆرتۆدۆکس مانەوە. لە سەرەتای سەدەی ١٤ دا عوسمانییەکانیش چاوی تەماعیان بڕیە ئەو ناوچانە. بەڵام ئەلبانییەکان کە پاشماوەی ئیلیریەکان بوون هیچ کاتێک وەدوای کلتوری ڕۆمانییەکان یا تورکەکان نەکەوتن و خۆیان پاراست. هەرچەندە زمانەکەیان زۆر لە ژێر کاریگەریی یونانییەکان دابو، بەڵام هەر پاراستبویان. دیارە لە کێشە کانی نێوان دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دا ئاخرەکەی ساڵی ١٣٨٩ شەڕ هەڵایسا لە نێوان تورکەکان(عوسمانییەکان) و سێرڤە کان دا کە لە شەری (Merelveld)مێرێلفێلد دا سێرڤەکان سەرکەوتن و ناوچەی کۆسۆڤۆیان داگیر کرد.

لە سێهەمین هێرشی عوسمانییەکان دا لە ساڵەکانی ١٦٨٣-١٦٩٩ کە بە شەڕی پیرۆزیان ناودێر کردبو، ئەلبانییەکان بە سەر پەرستی بیسکۆپ( Pjetër Bogdani) و بە هاوکاری لشکری ئوتریش کۆسۆڤۆیان لە تورکەکان پاراست، بەڵام کەوتە دەست ئوتریشییەکان. دوای ئەوە چەند جارێک کۆسۆڤۆ دەستاو دەستی کرد لە نێوان، ئوتریشییەکان، عوسمانییەکان و سێرڤەکان دا. دوای دامەزرانی دەوڵەتی پاشایەتی لە سێرڤییە، بە شێک لە ئەوانەی بە ڕەگەز سێرڤ نە بوون نیردرانە کۆسۆڤۆ. لە سەدەی نۆزدە دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بە ناسیۆنالیزمی سێرڤی، بولگاری و یونانی دەورەدرابون. ئەوانیش وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ئەوە دا بەرەیەکی ناسیۆنالیستی خۆیان پێک هێنا لە پریزرێن( Prizren ) لە ساڵی ١٨٧٨ دا. دیارە لەو کاتەوە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆش لە بیری پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان کەوتن. هە ر ئەوەش بیرۆکەی تێکەڵ بوونی کۆسۆڤبۆ لە گەڵ ئەلبانیای هێنایە گۆڕێ. بەڵام هەر ئەوکاتەش دانیشتوانی سێرڤی کۆسۆڤۆ کە یەک چوارومی ژمارەی دانیشتوانی کۆسۆڤۆیان پێک دەهێنا، دژی ئەوە ڕاوەستان . ئاخرەکەی لە دوو شەڕی باڵکان دا لە ساڵەکانی ١٩١٢ و ١٩١٣ دا سێرڤییە کۆسۆڤۆی خستە سەر خاکی خۆی.

لە شەڕی جیهانی دووەم دا کۆسۆڤۆ بۆ ماوەیەک کەوتە دەست ئەڵمانییەکان، بە لام بە سەرکەوتنی تیتۆ( Josip Broz Tito ) کە بە ڕەگەز کرۆواتی بوو دەورانێکی سەباتی ئیتنیکی لە و ناوچەیەدا هاتە ئاراوە. تیتۆ هەوڵی ئەوەی دا کە نەتەوە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە پێکەوە سازش بدا و یەکییەتیەکی سیاسی پێک بێنێ.. ئەو قەولی دا یوگوسلاوی بە شێوەی بۆندێک پێک بێنێ و لە چوار چێوەی ئەو بۆندەدا نەتەوە جیاوازەکان مافی تەواویان هەبێ. ئەو توانی بەو قەولانەی هێزەچەپەکان، ناسیۆنالیستەکان و تەنانەت دێموکڕاتەکانیش بێ دەنگ بکا. لە ساڵی ١٩٧٤ دا کۆسۆڤۆش بو بە پارێزگایەکی ئۆتۆنۆم و بە کردەوە بە ئەندازەی ناوچەکانی دیکە دەسەڵاتی نێوخۆیی هەبو. لە ژێر سەرۆکایەتی تیتۆ دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ لە ئاسایش دا دەژیان. دوای مردنی تیتۆ لە ساڵی ١٩٨١ دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ هاتنە سەر جادە و داوای مافی سەربەخۆییان هێنایە گۆڕێ. هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە بە شێوەیەکی خوێناوی لە لایەن سێرڤە کانەوە

هەژێر عەبدوڵڵاپوور:

# بە زەبرو زەنگ جووڵانەوەی خوێندکاری سەرکوت ناکرێ،بەڵکوو پوختەتری دەکا

**دیمانە: ئازاد شێخی**

**بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی رۆڵی خوێندکاران لە کوردستان و ئێران، لە رابردوو و ئێستادا و هەروەها گوشار و سەرکوتی ئەم توێژە لە لایەن دەسەڵاتی سەرەڕۆوە و دوورەدیمەنی جووڵانەوەی خوێندکاری و چەند پرسی دیکەی پێوەندیدار بەم بابەتە، هەڤپەیڤینێکمان لە گەڵ بەڕێز هەژێر عەبدووڵڵاپوور، خوێندکاری پێشووی زانکۆی شیراز و ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتەی خوێندکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی رادەکێشین.**

**بەڕای ئێوە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی جووڵانەوەی خوێندکاریی سەرانسەری لە قۆناغی ئێستادا چین؟**

بەڕای من نەسڵی نوێی خوێندکاری یان جووڵانەوەی خوێندکاری لەم قۆناغەی ئێستادا هەڵگری سێ تایبەتمەندییە؛ یەکەم: نەسڵی نوێی خوێندکاری ئێران لە شۆڕش و ئارمانە شۆڕشگێڕییەکان و ئاواتە بەرزەفڕەکان مەودای گرتووە و بە واقیع بینییەوە بە دوای بەرەو پێش بردن و چەسپاندنی دیمۆکراسییەوەیە،واتە دیمۆکراسی و ئاڵوگۆڕی دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگەدا بۆتە مایەی نیگەرانی و پەرۆشی خوێندکاران. دووەمین تایبەتمەندی تری ئەو بزووتنەوەیە، سەربەخۆییانە لە هێزە سارانسەرییەکان (جگە لە کوردستان؛ لە کوردستان بە هۆی بوونی ستەمی نەتەوایەتی، خوێندکارانی کورد، وەک حیزبە کوردییەکان ویستی نەتەوەیی و بیری ناسیۆنالیستیشیان بە لاوە گرینگە و کاری بۆ دەکەن). جووڵانەوەی خوێندکاریی ئەمڕۆی ئێران زیاتر لەوەیکە نوێنەری حیزب یان گرووپێکی تایبەت بێ، ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگا دەخاتەڕوو و داوای جێبەجێبوونیان دەکا. سێیەمین تایبەتمەندیی ئەو جووڵانەوەیە حوزوور و نەقشی بێ وێنەی کچان و ژنانی خوێندکارە لە حەرەکەتە خوێندکارییەکاندا، خودی ئەمەش رەنگدانەوەی گۆڕانکاریی قووڵی فەرهەنگی لە ناو کۆمەڵگای ئێرانە.

شایانی باسە لە هەمانکاتدا یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی جووڵانەوەی خوێندکاری، هەڵسووکەوتی ئامرازی لە گەڵ داخوازییە سێنفییەکان یان بەهێندنەگرتنی ئەوانە؛ بە جۆرێک کە ئەو جۆرە داخوازییانە بە تەواوی خراونەتە پەراوێزەوە. رێکخراوە خوێندکارییەکان ناتوانن بە شێوەی چالاک بەرگریی لە مافە سێنفییەکانی خوێندکاران بکەن کە لە بنەڕەت را وەک تەمرینی کۆمەڵگەی مەدەنی دەژمێردرێن. ئەوەش بڵێم، چالاکیی مەدەنی و سێنفیش بە مانای خستنە لاوەوەی سیاسەت نییە، بەڵکوو جۆرێکی ترە لە بەشداری و فێربوونی کاروباری سیاسی و مەدەنی.

**بۆچی لە یەک ساڵ و نیوی رابردوودا گوشار بۆ سەر خوێندکاران زیاتر لە پێشوو پەرەی سەندووە و سەرکوت و زەبروزەنگ نواندن دەرهەق بەوان چەند قات بووە؟**

ئەگەر چاوێک بە حەشیمەتی خوێندکار لە ئێراندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئێستا نزیکەی چوار میلیۆن خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگەکان، خەریکی خوێندنن. بەربڵاوی ئەم توێژە گەورە کۆمەڵایەتییە لە زیاتر لە ١٢٠ شاری ئێران، بۆتە هۆی ئەوەیکە خوێندکاران لە تەواوی شارە گرینگەکان بەشداریی چالاکانەیان هەبێ و تەنانەت ئەگەر خوێندەوانانی سەر بە رێژیمیشیان لێ دەرباوێین، حەشیمەتێکی چالاک، زیندوو و نەترس لە خوێندکاران بە رووبکردێکی ئەقڵانی و مەنتقییەوە بەرەنگاری دەسەڵاتداران دەبنەوە و گوشار و تۆقاندن و گرتن و ... ناتوانێ مەیدانیان پێ چۆڵ بکا، رووداوەکانی ئەم یەک دوو ساڵەی دوایی سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە زانکۆ هەروا سەنگەری بەرخۆدان و خۆڕاگرییە.

هەروەها بەڕوونی دیارەکە جووڵانەوەکانی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨؛ قورسایی کۆمەڵایەتی و حاشاهەڵنەگری لە خوێندکاران و زانکۆ بۆ هەمووان خستەڕوو و، دەریخست کە جووڵانەوەی خوێندکاری و زانکۆ لە جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە هەرە زیندوو و ئاکتیڤەکانی کۆمەڵگایە. ئەم هەموو خوێندکارە زیندانییە، بێبەشکراو لە خوێندن، ئەستێرەدار، دوورخراوە و هەروەها ئەو هەموو راگەیەنراو و ماڵپەڕ و وێبلاگ و ... ی تایبەت بە خوێندکاران، ئەوە دەردەخەن کە ئەو جووڵانەوەیە زۆر چالاک بووە.

لە لایەکی ترەوە لە بیرمان نەچێ کە لە ماوەی چەند دەیەی پێشوودا، هەر حەرەکەتێک لە ئێران هاتبێتە ئاراوە، خوێندکاران رۆڵی پێشەنگیان لەو جووڵانەوانەدا هەبووە یان لە بواری کارتێکەری دا توانیویانە زۆرترین کاریگەریان هەبێ لە سەر کۆمەڵگە. جیا لەمانەش بەشی زۆری خوێندکارانی ئێستای ئێران، لەگەڵ ئەسڵی «ولایت فقیه» ناکۆک و ناتەبان و کۆی ئەمانە بۆتە هۆی ئەوەیکە لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا گوشار و زەخت هێنان بۆ سەر خوێندکاران زیاتر لە پێشوو پەرە بستێنێ.

**ئەگەر جووڵانەوەیەک بە ناوی جووڵانەوەی خوێندکاری لە ئارادا هەبێ، مێژووی ئەو جووڵانەوەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە و بە گشتی ئەو جووڵانەوەیە هەڵگری چ شوناس و تایبەتمەندییەکە؟**

جووڵانەوەی خوێندکاریی کورد، مێژوویەکی دوورودرێژی نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای رێفۆرم و چاکسازی لە ئێراندا و بە تایبەتی دوای ١٨ ی پووشپەڕی ٧٨. ئەم جووڵانەوەیە سەرەڕای تەمەنی کەمی تووشی کۆسپ و تەگەرەی زۆر بووە و تا ئێستا تێچووی زۆر قورسی داوە. چڵەپۆپەی چالاکی ئەم جووڵانەوەیە بە دەرکردنی بڵاوکراوەی خوێندکاری دەستی پێکرد. ئێمە بۆ یەکەمین جار لە گۆڤاری «روانگە»دا چاومان بە دەستەواژەی «جووڵانەوەی خوێندکاری کورد» دەکەوێ کە لە لایەن خوێندکارانی ئەو سەردەمە وەک «سەلاحەدین خەدیو و عەبدولەزیز مەولوودی» یەوە ئاماژەی پێ دەکرێ. شایانی باسە، گۆڤاری روانگە لە لایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆی تەورێز بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەردەچوو و یەکەمین گۆڤاری سیاسی _ کۆمەڵایەتی کوردستان دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە لەناوخۆ دەردەچوو. بە دوای ئەم گۆڤارەدا بە دەیان گۆڤاری دیکەی خوێندکاری لە لایەن خوێندکارانەوە دەرچوو کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بردنەسەری ئاستی ئاگایی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت خودی خوێندکاران و لەوەش زیاتر بوونە هۆی ناساندنی فەرهەنگ و کولتووری کوردستان و تاڕادەیەکیش پرسی نەتەوایەتی کورد و بە گشتی دەنگی کورد بە خەڵکی سەرانسەری ئێران.

ئەم جووڵانەوەیە هەروەها دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری فەرهەنگی و ئەدەبی و رێزگرتن لە سیما ناسراو و دیارەکانی کورد و بۆنەکانی وەک بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و سەردەشتی بەڕێوەبردووە ( هەرچەند دوو ساڵە دەسەڵاتداران پێش بە بەڕێوەچوونی ئەو بۆنانە دەگرن) و بە هەق لە ساڵەکانی کۆتایی حەفتا و سەرەتای هەشتادا لەم بوارانەوە زۆر چالاک بووە.

من پێموابێ جووڵانەوەی خوێندکاری کورد جیا لەوانە لە نەبوونی حیزبە سیاسییەکان، بەخستنە بەر باسی پرسی کورد و پێناسی «هویت»ی کورد لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا بووە. کۆی ئەمانە دەریدەخا کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان جووڵانەوەیەک لە ئارادایە کە وێڕای بەشداریی لە جووڵانەوەی سەراسەری خوێندکاری ئێران، بە رەنگ و بۆنی کوردانەوە بە دوای وەدیهێنانی ویستە لە مێژینەکانی کوردەوەیە.



**بەڕای ئێوە تایبەتمەندی و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی جووڵانەوەی خوێندکاریی کورد چین؟**

من پێموابێ جووڵانەوەی خوێندکاریی کورد، بۆ دەستەبەرکردنی دیمۆکراسی لە ئێراندا چالاکانە بەشداریی لە جووڵانەوەی خوێندکاریی سەراسەریدا کردووە و لەم پێناوەدا تێچووی زۆریشی داوە و لەو ئەسڵە گەیشتووە کە تا دیمۆکراسی لە ئێراندا نەبێ کورد ناتوانێ داخوازییە بەرهەقەکانی خۆی دەستەبەر بکا. جووڵانەوەی خوێندکاریی کورد لە هەمووی ئەو چالاکییانەدا بە پێناس «هویت»ی خۆیەوە هاتۆتە مەیدان و ویستوویەتی لەم سۆنگەیەوە بە دوای رەنگدانەوەی پێناسی خۆی لە ناو پێناسی زاڵدا بێ و بزانێ لە باری زمان، مێژوو، سیاسەت، ئەدەب، کولتوور و ... لە کوێی پێناسی ئێرانیدا جێی گرتووە و بە کورتی لەمبارەوە ویستوویەتی قورسایی پێناسی جووڵانەوەی خوێندکاری کورد و بزووتنەوەی کوردستان لە ناو پێناسی جووڵانەوەی سەرانسەریدا دیار بخا.

جگە لەمانە، لەسەرپێ بوون و داکۆکی لە بیری ناسیۆنالیستی کورد و هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر زۆرێک لە رووداوەکان بە روانگەیەکی مرۆڤانەوە، لە خاڵە پۆزەتیڤ و بەهێزەکانی جووڵانەوەی خوێندکاریی کوردن. لە بەرامبەریشدا نەبوونی رێکخراوێکی گشتگیری خوێندکاری و نەبوونی پلاتفۆڕمێکی روون و دیار و تەنانەت ساغ نەبوونەوە لەسەر رۆژێک بە ناوی خوێندکار لە خاڵە لاوازەکانی جووڵانەوەی خوێندکاریی کوردن.

**ئێوە پێتانوایە، دوورەدیمەنی جووڵانەوەی خوێندکاریی سەرانسەری چۆن دەبێ؟ ئایا خوێندکاران هەروا دەتوانن رۆڵی پێشەنگیان هەبێ؟**

پێشەکی ئەوە بڵێم کە بەهۆی رادیکاڵ بوونی جووڵانەوەی خوێندکاریی سەراسەری، زەبروزەنگ و گوشارهێنان ناتوانێ بۆ هەمیشە ئەو جووڵانەوەیە کپ بکا، بەڵکوو پوختەتری دەکا. لە دونیای مودێرندا بۆ ئەوەی ئەو جۆرە جووڵانەوانە دامرکێننەوە، وڵامییان دەدرێتەوە، نەک ئەوەی سەرکوت بکرێن، وەک ئەوەی ئێستا لە ئێراندا لە لایەن حکوومەتەوە دژ بە خوێندکاران بەڕێوە دەچێ. ئێستا ئاخێوی زاڵ بەسەر جووڵانەوەی خوێندکاریدا ئاخێوی لیبراڵ و ئازادیخوازانەیە و بە بۆچوونی من پێکهێنانی هەر گۆڕانێک لە کۆمەڵگادا پێویستی بە چاندنی تۆوی ئاگایی و زانیاری لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە و هەروەک چۆن لە کۆنەوە باو بووە کە بۆ رنینەوەی بەرهەمێک سێ قۆناغی «کاشت، داشت و برداشت» یان چاندن، ئاگالێبوون و بەروبووم هەڵگرتنەوە پێویستە؛ من پێموایە قۆناغی چاندنی تۆوی ئاگایی و زانیاری لە کۆمەڵگەی ئێراندا تا ئێستا بە باشی چۆتە پێش و ئەرکی هەموو چین و توێژەکانە کە بە باشی قۆناغی «داشت» یان پاراستن و ئاگالێبوون لەوەیکە چێنراوە ببەنە پێش و بیگەیەننە قۆناغی «برداشت».

لە بیرمان نەچێ کە ئەزموونە مێژوویی و بابەتییەکان پێمان دەڵێن کە گۆڕان لە سیستمی گەورە و سەرەڕۆشدا ئیمکانی هەیە و ئەوەش کاتێک روودەدا کە؛ یەکەم: بایەخە زەینییەکانی خەڵک لە گەڵ بایەخە زەینییەکانی حکوومەت دا زۆر ناتەبا بێ. دووەم: حکوومەت نەتوانێ بایەخە زەینییەکانی خەڵک بگۆڕێ. سێیەم: دەسەڵاتداران نەتوانن خۆیان لە گەڵ بایەخە زەینییەکانی خەڵک بگونجێنن. چوارەم: دەسەڵاتداران نەتوانن بایەخە زەینییەکانی خۆیان ئابدەیت و کەڵتە بکەنەوە. پێنجەم: گەندەڵی ئابووری و ئیداری لەوپەڕی خۆیدا بێ. ئەم فاکتانەش بەڕوونی لە ئێراندا زەق و دیارن و یارمەتیدەرێکی باشن بۆ پێکانی مەبەست و ئارمانجەکانی خوێندکاران.

---

درێژەی

# دیپلۆماسی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

سەرکوت کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦ دا بە شێوەیەکی پان و بەرین تر هاتەوە مەیدان. هەر لەو کاتە دا ویستەکانی نەتەوەیی و دێموکڕاسی بە شێوەیەکی باشتر فۆرموڵە کران و خەبات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێونەتەوەییش دەستی پێ کرد. لە هەموی گرنگتر ئەوە بو کە جوڵانەوەی کۆسۆڤۆ توانی خۆی پێناسە بکا وەک جوڵانەوەیەکێ دێموکڕاتیخواز و لە و ڕێگایە وە توانی سۆزی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

لە بەرامبەر ئەوە دا سێرڤەکان کۆسۆڤۆ یان بە ناوەندی فەرهەنگیی سێرڤییە پێناسە دەکرد و رایان دەگەیاند کە لە هیچ هەل و مەرجێک دا ئامادە نین کۆسۆڤۆ بدەن بە ئەلبانییەکان. بەم جۆرە ساڵی ١٩٨٩ میلۆسۆڤیچ، سەرۆککۆماری یوگوسلاوی، کۆتایی بە ئۆتۆنۆمی کۆسۆڤۆ هێنا، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی سەربەخۆیی لە دەست ئەلبانییەکان دەربێنێ. ناوچەکە جارێکی دیکە بە تەواوی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی سێرڤەکان. پارلەمانی ناوچەیی ئەلبانییەکان نێردرایەوە ماڵەوەو سەدان هەزار ئەلبانی بێکار کران. ئەلبانییەکان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕوگۆڤا توانیان بە شێوەیەکی ژێرزەمینی خۆیان ئۆرگانیزە بکەن. لە هەموی گرنگتر ئەوە بو کە دەسەڵاتێکی سێبەریی ژێر زەمینی یان بۆ خۆیان دروست کرد و تەسلیمی دەسەڵاتی سێرڤەکان نەبوون. هەروەها دەوڵەت و پارلەمانی خۆیان دروست کرد و هەوڵیان دا لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکان خۆیان وەک حکومەتی قانوونی کۆسۆڤۆ بناسێنن. هەرلەو کاتەدا دەستیان کرد بە دامەزراندنی مۆئەسسەساتی فەرهەنگی و نەتەوەیی وەک مەدرەسەکان، دانشگا، نەخۆشخانە و تەنانەت سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی. هەموی ئەو دام و دەزگایانە لە باری ماڵییەوە ئیدارەدەکران بە سیستمێکی ماڵیاتی و بە یارمەتی ئە و ئەلبانیانەی لە وڵاتانی دەرەوە کاریان دەکرد.

هەر جەند لە سەرەتادا کۆمەڵگای نیو نەتەوەیی سەرنجێکی ئەوتۆی نەدەدایە مەسەلەی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ، بەڵام بە هەوڵی دیپلۆماتیکی خۆیان ئەو کەش و هەوایەیان گۆڕی و تاڕاددەیەکی باش توانیان پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. لەگەڵ ئەوەش مەسەلەی کۆسۆڤۆ بە چارەسەر نەکراوی مایەوە. بەڵام لە ١٩٩٦ دا سەبری ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بەسەرچوو بۆ سەپاندنی مافەکانی خۆیان دەستیان دایە چەک. کە تا ١٩٩٩ شەڕێکی خوێناوی لێ کەوتەوە. ئاخرەکەی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هاتە نێو مەسەلەکە و تەنانەت ناتۆ و ئەمریکا چ بە چەک و چ بە شێوەی دیپلۆماتیک پشتیوانیان لە کۆسۆڤۆ کرد تا لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئاگر بەستێک ئیمزا کرا، کەدواتر لە لایەن سێرڤەکانەوە شکێنرا و شەڕ بەردەوام بو. لە گەڵ ئەوەش کۆسۆڤۆییەکان توانیان لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە کارێک بکەن کە کۆنفرانسی کۆسۆڤۆ لە فەڕانسە پێک بێ و لە و کۆنفرانسەدا بڕیار بدرێ کە بۆ ماوەی ٣ ساڵ حەقی خۆ بەڕێوە بردن بدرێ بە خەڵکی کۆسۆڤۆ. لەو ڕێگایەوە کۆسۆڤۆ خرایە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕێگا خۆش کرا کە پارلەمان و دەوڵەت پێک بێ و لە ئاخرەکەی دا بە پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ ی فەورییەی ٢٠٠٨ دا بە تێکرای دەنگ لە پارلەمانەکەیان دا سەبەخۆیی کۆسۆڤۆیان ڕاگەیاند.

ئەنجام ئەوەیە کە کۆسۆڤۆکان بە چە ند هۆیەک توانیان ئەو قۆناغانە ببڕن: ١ . ستڕاتیژی نەتەوەییان هەبوو هەموشیان لە سەری کۆک بوون. ٢. یەکگرتوو بوون. ٣. ڕوومەتێکی دێموکڕاتیکیان لە خۆیان نیشان دا بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕوگۆڤا. ٤. توانیان بە کاری دیپلۆماتیک پشتیوانی دەرەوە بەدەست بێنن.

# دێموكراسی لە نێوان ئازادی و دیكتاتۆری دا

وریا رەحمانی

ئایا دەكرێ كاتێک كە مرۆڤ خۆی بەرهەمی ژیانە، بە سووكی بگرێ؟! ئەو هەوڵە بێ وچانەی مرۆڤ بۆ خۆدسانسۆڕی و شاردنەوەی چەمكە بنەماییەكانی وجوودیی وەک بوونەوەرێكی گیانداری خاوەن بیر لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟! ئەو جۆری هەڵوێست و وێنا كردنەی مرۆڤ لە خۆی لە قووڵاییەكانی دەروونییەوە هەڵدەقوڵێ یان ریشەی لە دەرەوەی چەمكی پێكهێنان و خواست و ئیرادەی دا هەیە؟

لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم وێنای كۆمەڵگایەكی بێ سەرەوبەرەی ئالیگارێشیی نابەرپرسانیە كە تێیدا بەناوی ئازادیی مرۆڤ كەرامەت و بایەخی ئینسانی بكەوێتە ژێر هەڕەشەو مەترسییەوە. كەچی رێک بە پێچەوانە ئەم نووسینە بەربەرەكانییەكی راشكاوانەیە لەگەڵ ئەو شێوازی بیركردنەوەو ئاراستانەی بەناوی كەرامەت و بایەخی ئینسانییەوە بە پێشكەشكردنی كۆمەڵێک دەستە بۆچوون و هاوكێشەی دیاریكراوی هاوشێوەی لە دەرەوەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی مرۆڤەوە، وەک مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی كۆیلاندن و بەلارێ بردنی ئاراستەكانی ژیانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دان. كاتێک «شاملوو» لە روانگەیەكی رەخنەگرانەوە برینە ژیلەمۆییەكانی دەروونی دەكولێنێتەوەو وردبینانە خەسارناسیی كۆمەڵگاكەی دەكات، دەڵێ «هەرگیز هیچكەس بەمشێوە بێرەحمانەیە بە دژایەتی لەگەڵ خۆی هەڵنەستا، كە من لەگەڵ ژیانم دا».



بەداخەوە وێدەچێ زۆر بە كەمی دەركی شیاوی ئەم حەقیقەتەمان كردبێ كە نوێنگەی راستەقینەی بوونایەتیمان، ژیانمانە و پەیبردن بە هاوپێوەندیی لێک نەبڕاوەی ئەم دوو چەمكە سەرەكییەی فەلسەفەی وجوودیمان وێنایەكی مسۆگەرتر بە مرۆڤبوونمان دەبەخشێ.

«فرێدریش نیچە» لە گوتارێكی رۆشنگەرانەدا بەناوی «انسان مصلوب»، بە بەرپرسایەتییەوە نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە دۆڕاندنی بایەخە پیرۆزەكانی ژیان لە بەرامبەر هێمای خاچێكی بێ گیان دا لەلایەن مرۆڤەوە دەردەبڕێ و رەخنەی توند لەو كەسانە دەگرێ كە بە پێگەو بوونی خۆیان نازانن. لە كەڵكەڵەی بیرو فەلسەفەی نیچەدا مرۆرڤ رێزێكی تایبەتی هەیەو وەک پێوەری سەرەكی و پیرۆزی ژیان بە واتای بوون دەژمێردرێ.



كەچی مرۆڤ (یان باشتر ئەوەیە بڵێین بەشێک لە مرۆڤ كە خوازیاری بە دەسەڵات گەیشتن بوو) لە هەڵوێستی ئیرادەی هێزەوە كەوتە هەوڵی ئاراستەدار كردنی ئەندێشە جیاوازەكانی نێو كۆمەڵگا لە چوارچێوەیەكی سنوورمەندی دیاریكراوی تایبەت دا. هەموو ئەو پێكهاتانەی كە پێیان دەڵێن مەكتەب و ئیدیۆلۆژی (زەوینی یان ئاسمانی) بە درێژایی مێژوو بە یاریكردن بە كۆمەڵێک فاكتۆری هەستیاری وەک نائاگاهی و ترس و بێزاری و خولیای دنیایەكی جوانتر، بە داخەوە هەرگیز بەڵێن و ئامانجەكانی خۆیانیان بەجێ نەگەیاندووەو بە پێچەوانەوە بەردەوام چەوسانەوەو بێزاری و سەرگەردانیان بۆ مرۆڤ بە خەڵات هێناوە. لە دەروونی چوارچێوەیی ئەم ئەندێشە كرداریانەدا مرۆڤ وەک بەدیهێترین چەمكی ژیان و ژیان وەک پێودانگی سەرەكیی بوون، تا ئاستی كەرەستە بوون و بەستێنێكی كەرەستەیی لە بایەخی وجوودییان كەم كراوەتەوەو گرینگایەتیی پیرۆزتر بەو رەهەندانە دراوە كە لە ئەساسی خۆیاندا بەبۆنەی ئەم دوو توخمەوە پێناسە دەكرێن. كاتێک كە سەیری حەقیقەتی پێكهاتەیی ئیدیۆلۆژی و مەكتەبە عەقیدەتییەكان دەكەین بە روونی بۆمان دەردەكەوێ كە زۆر زیاتر لەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندی و چارەسەری گرفت و نیگەرانییەكانی مرۆڤدا بن، لە راستای چەوساندنەوەو بێ بایەخیی زێدەتری دابوون.

«كێ دەبێ حكوومەت بكات؟» وەک چۆن «پۆپێر»یش دەڵێ رەنگە ئەوەخود هەڵەترین پرسیارێک بووبێ كە بە درێژایی مێژووی سیاسیی جیهان مرۆڤ لە خۆی كردبێ و هەر جارەی كەس یان لایەنێكیش لە روانگەی خۆیەوەو بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و لێكدانەوەی تایبەتی خۆی وەڵامێكی داوەتەوە.

لە راستیدا ئیدیۆلۆژییەكان لە دڵی ئەم پرسیارەوە سەریان هەڵداوەو رەنگدانەوەی راشكاوانەی وەڵامی ئەم پرسیارەن و ئەم پرسیارەش خود سەرەكیترین چەمكی پێكهێنەری رەوتی كلاسیكی مێژووی سیاسیی جیهانە. ئەم پرسیارە بۆ یەكەمجار بە شێوازێكی داڕێژراو لەلایەن ئەفلاتوونەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە، بەڵام دیارە چ پێش ئەو و چ دواتریش سەرەكترین كەڵكەڵەی ئاراستە دیكتاتۆری و ئیدیۆلۆژیەكانی مێژوو بووە.

یۆنانییەكان ناوگەلێكی جۆراوجۆریان بۆ پێناسەكردنی شێوازە جیاوازەكانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی حكوومەت دەستنیشان كرد. رەنگە هۆیەكەشی ئەوە بووبێ كە دەیانەویست بە گونجاوترین مۆدێلی حكوومەتی بگەن و بیناسن. ئەم گریمانەیە لەلایەن ئەفلاتوونەوە داڕێژراو لە پێنج خشتەی جیاوازدا لێكدرایەوە،

١. پاشایەتی: حكوومەتی كەسێكی باش (تاک)

٢. دیكتاتۆری: حكوومەتی كەسێكی خراپ (تاک)

٣. دەسەڵاتی ئەشراف: حكوومەتی چەند كەسی باش (كەمینە)

٤. ئالیگارێشی: حكوومەتی چەند كەسی خراپ (كەمینە)

٥. دێموكراسی: حكوومەتی خەڵكی (زۆرینە)



دیارە كە ئەفلاتوون، خۆی، چوار شێوازەكەی یەكەم رەت دەكاتەوەو خشتەكانی «١و٣»یش بە نائەخلاقی دەزانێ و دەڵێ كە ئەم دوانەش لە ئاكام دا بە چەواشە دەكێشرێن و لە دەروونی خۆیاندا پتانسێلی بە خراپ بوونیان تێدایە. بەڵام لە حاڵەتی دوایین دا تەنیا مۆدێلێكی حكوومەتی دەناسێنێ و بە باشیشی دەزانێ. تەنانەت ئەساسی فەلسەفەكەی خۆی و كتێبە بەناوبانگەكەی (كۆمار)یش لەسەر ئەو بنەمایە دادەڕێژێ.

«كێ دەبێ حكوومەت بكات؟» لە راستیدا ئەم پرسیارە (بە شێوەیەكی ناخۆدئاگا) هێشتاش گرینگترین چەمكی پێكهێنەری ئیدیۆلۆژی و باسە سیاسییەكانی رۆژەو هەركەس و هەر لایەنێكیش بە پێی ویست و ئاراستە هزرییەكانی خۆیەوە بەرەو ئاقارێكی بردوە.

پێغەمبەران، ماركس ولێنین، هیتلێر و مۆسۆلینی و هەروەها زۆریەک لە سیاسەتمەدارانی هاوچەرخیش زۆربەی كات لە ناخودئاگای خۆیاندا بە شێوەیەكی ماندوونەناسانە

**له راستیدا دێموكراسی بەستێنی دژكردەوەیی و بەرەنگاربووونەوە لەگەڵ ئۆتۆریتەی پاوانخواز و هێژمۆنیی دیكتاتۆرییە و رێ لە كۆكردنەوە و پاوانی هێز و دەسەلات لە شوێنێک دا دەگرێ و سنووری یاسایی و دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەكات**

بیریان لەوە كردۆتەوەو كاریان بۆ كردوە. هەركاتێكیش كە دەستوور و یاسایەكی گشتییان داناوە، زیاتر لە هەموو شتێک وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بووە كە «كێ دەبێ حكوومەت بكات؟» وەڵامی خودی ئەفلاتوون بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو: « خەڵک (زۆرینە)ی باش»، كە راشكاوانە وەڵامێكی ئەخلاقیی ناتەواو بوو. پێغەمبەران لایەنگری دەسەڵاتی ئایین و حكوومەتی رێبەرانی ئایینی بوون. ماركس و لێنین پێیان وابوو كە پێویستە بۆ دەربازبوون لە هێزی سەرمایەداران و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ دەبێ كرێكاران و زەحمەتكێشان لە دەسەڵات دابن.

سەبارت بە هیتلێریش كە راشكاوانە لە روانگەی هێزەوە سەیری دەسەڵاتی دەكرد ئاشكرایە وەڵامەكەی تەنیا «من» بوو. وێدەچێ كە ئەویش وەک زۆربەی پێشینیانی خۆی پێی وابووبێ پرسیاری حكوومەت لە ناخی خۆیدا پرسارێكی بنەماییە.

پڕ دیارە كە چۆن لە شێوازە ئیدیۆلۆژیكەكانی حكوومەتدا كە هەمیشەش دیكاتۆریی لێ دەكەوێتەوە جێگای داڵ و مەدلول لە نێوئاخنی سیستمی سیاسیی كۆمەڵگادا دەگۆڕدرێ و بە جێی ئەوەی لە روانگەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە سەیری دەسەڵات بكرێ، لە رەهەندی دەسەڵاتەوە حكوومەت و نیزامی بەڕێوەبەرێتیی سیاسیی و...

لێكدەردرێتەوە و پێناسە دەكرێ. ئیدیۆلۆژیی حكومەتی زۆرینە لە مۆدێرنتیرن و لە هەمان كاتیشدا خەتەرناكترین شێوازەكانی تیۆریی سیاسیی جیهانە كە بە هەڵە دێموكراسیی پێ دەگوترێ. چون سەرەڕای ئەوەی كە وەكوو شێوازە دیكتاتۆرییەكانی دیكە لە روانگەی ئیرادەی هێزی (جەماەری زۆرینە) وە دەدوێ، لەگەڵ ئەوەشدا مەشرووعییەتێكی بەرینی جەماوەریی پێناسەكراوی داڕێژراو لە پشت خۆیەوە دەبینێ و كەڵكی لێ وەردەگرێ.

حكوومەتی زۆرینە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێشێلكردن یان لانیكەم بە كەمگرتنی مافی كەمینەیە. كە بە داخەوە لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتن و لە پێگەی هێزەوە ئیتر توانایی لابردن و بەربەرەكانی كردن لە گەڵیدا لە دەست كۆمەڵ دا نامێنێ.

(بە گشتی دیكتاتۆڕی هەلومەرجێک پێكدێنێ كە ئێمە بەرپرسیاری نین و تەنانەت گۆڕانیشی لە دەسەڵاتی ئێمەدانییە ). كە وایە بەرپرسیاریەتییەكی ئەخلاقیمان هەیە كە هەرچی لە توانامان دایە بە كاری بێنین بۆوەی لە پێكهاتنی بارودۆخێكی ئاواهی پێشگیری بكەین. زۆربەی حكوومەتە دیكتاتۆرییەكان یان ئەوانەی لە دوایی دا بە دیكتاتۆرێتی دەگەن، لە سەرەتاوە و لە كاتی ئۆپۆزسیۆنی دا بە كەڵک وەرگرتن لە شێوازە دێموكراتیكییەكان و لەڕێی هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات گەیشتوون.



كە وایە (دێموكراسییەكان حكوومەتە خۆشەویستەكانی هەمووان نین، بەڵكوو بە واتایاكی تر ئەو مەودایەن كە خاوەنی ئامرازی خۆپاراستن لە بەرامبەر دیكتاتۆڕییەكان دان). لە راستیدا دێموكراسی بەستێنی دژكردەوەیی و بەرەنگاربووونەوە لەگەڵ ئۆتۆریتەی پاوانخواز و هێژمۆنیی دیكتاتۆرییە و رێ لە كۆكردنەوە و پاوانی هێز و دەسەلات لە شوێنێک دا دەگرێ و سنووری یاسایی و دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەكات.

لە پێكهاتەی ئەدەبیاتی سیاسیی لیبراڵ و دێموكراتخوازیی مۆدێرنی جیهانی دا پرسیارە لە مێژینەكەی «كێ دەبێ حكوومەت بكات؟» ئیتر ئەو كاریگەری و گرینگایەتییەی نامێنێ و «پۆپێر» گوتەنی پێویستە پرسیاری تەواو جیاواز و مرۆڤانەتری «ئایا شێوازێكی حكوومەتی هەیە كە رێمان پێ بدات بە گوێرەی پێویست بتوانین خۆمان لە دەست حكوومەتێكی ئەهریمەنی یان تەنانەت نەشیاو رزگار بكەین؟» جێگاكەی پڕ بكاتەوە. لێرەدا بنەمای چەمكی پرسیار و وەڵامی حكوومەت ئیتر لە چوارچێوەی كەس یان لایەنێكی تایبەتی دیاریكراو دا نامێنێتەوە و سەرنجی شایان بە رەهەندەكانی چەندوچۆنیی بەڕێوەبەرایەتیی حكوومەت دەدرێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە كە (دێموكراسی دەبێ ئەگەر و رێی دەرباز بوونی بێ توندوتیژیمان لە دەستی دەوڵەتێک كە رێزی ئەرک و بەرپرسایەتیەكانی راناگرێ، بۆ دەستەبەر بكات). لە راستیدا كێشەكە لەوە دانییە كێ حكوومەت بكات، بەڵكوو پێویستە چەندوچۆنیی دەسەڵات و سنوورەكانی دەوڵەت دیاری بكرێت. ئەوەی كە دەوڵەت دەبێ چۆن بێ. خاڵی سەرەكی ئەوەیە كە دەوڵەت نابێ زیاتر لە ئاست و گوێرەی پێویست حكوومەت بكات. یان كە بە واتایەكی تر وڵاتێک دەبێ چۆن بەڕێوە بچێ. ئیتر گرنگ نیە كێ یان جۆرێكی تایبەت ( تاقمێک كە خۆیان بە خەڵک دەزانن) حكوومەت بكەن. پێویست ناكا لێیان بترسین یان ناچار بین كە بترسین. كە وایە (دێموكراسییەكان، ئەو مەجال و مەودایانەی بەڕێوەبەریی وڵات و كۆمەڵگاكانن كە بۆ بەرگری كردن لە ماف و ئازادییە ئینسانییەكان، لە هەر شێوازێكی حكوومەتی درووست بوون). لە دێموكراسیی پۆست مۆدێرن و ئەكتیڤی لیبراڵ و مرۆڤخوازانەی سەردەم دا ئاراستەی پەیژەی دەسەڵات لە خوارەوە بۆ سەرێیە و دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لە گشت قۆناغەكان دا بە كردەوە لە كۆمەڵگاوە وەردەگرێ.

سەرماوەز

# پێشمەرگە ئەو ڕووبارەی واتا بە دەریا دەبەخشێ

**وریا ڕەحمانی**

ڕێک نازانم ساڵی چەند بوو، بەڵام باش لەبیرمە ماmۆستاکەمان پێی گوتین بۆ هەفتەی داهاتوو سەبارەت بەوەی «حەز دەکەن لە داهاتوودا چ کارە بن؟» ئینشایەک بنووسن. هەرکامەی شتێکمان نووسی. یەک دوکتور و یەک ئەندازیار (مهندس) و یەکیش فرۆکەوان (خلبان) و... کەچی ئەوەی لە هەموان پتر سەرنجی من و هەموومانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا ئەوە بوو کە یەکێک لە هاوپۆلیەکانمان نووسیبووی «حەز دەکەم ببمە پێشمەرگە! چون من باوکم پێشمەرگە بووە و ئێستا نەماوە. دایکیشم زۆر خەفەت دەخوا و هەمیشە دەگری و ڕەشپۆشە. دەمەوێ ببمە پێشمەرگەو درێژە دەری ڕێگای باوکم بم. بەشکم بەمجۆرە بتوانم بڕێک لە دەردو ئازارەکانی دایکم کەم بکەمەوە و نەهێڵم چیدیکە بگری و ئەم بەرگە ڕەشەی لەبەر داکەنم. دەمەوێ ببمە پێشمەرگە، بۆوەی هەرگیز ناوی باوکم کوێر نەبێتەوەو زیندووی ڕاگرم. دایکیشم ئیتر هەست بەو بێکەسی و تەنیاییە نەکات». دۆخێکی یەکجار سەیر بوو. ڕەنگە هیچمان پڕ بە پێست و بەتەواوی لە قوولاییی بابەتەکە نەگەیشتبووین. کەچی گشتمان دەمانزانی ئەم وتارە جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی دیکە و پێشمەرگایەتییش شتێکی دیاریکراو و هاوشێوەی هەموو ئەوکارانەی دیکەی نێو کۆمەڵگاکەی ئێمە نییە. بە ئەرخایانییەوە ئەو ڕۆژە، ئەو فەزایە و ئەو بابەتە و ئەو وتارە و ئەو وشانە، لە لەبیرنەکراوەترین و شوێندانەرترین ڕووداوەکانی ژیانم بوون و دڵنیام قەت ناسڕێتەوە.

هەمیشە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی واتایەکی بەرین و پیرۆزی وەک پێشڕەو و پێشەنگ و پێشکەوتنی لەلام بووە. باوکم دەیگوت هەر گەل و نەتەوەیەک لە دنیادا بۆ یادکردن لە کەسە باش و لێهاتوویەکانی خۆیان لە وشەگەلێکی بایەخدار کەڵک وەردەگرن. ئێمەی کوردیش بەم شێوەیە بە ڕۆڵە ئازا و شێلگیر و قارەمانەکانمان دەڵێین پێشمەرگە. پێشمەرگە وێنای تایبەتمەندییە جوان و بێ خەوشەکانی نەتەوەیی و نمادی نەسرەوتن و خۆراگری و کۆڵنەدان و سەرکەوتنی مرۆڤی کوردە. پێشمەرگە خۆی بە تاک و جیاواز لە پێکهاتە و ڕەوتی ژیان و مێژووی نەتەوەکەی نابینێ و وەک بەشێکی لێنەبڕاوە و لە نێوەوەی کۆمەڵگاکەیەوە خۆی پێناسە دەکاتەوە و بڕوای بەرینی بە پێگەیشتن و سەرکەوتنی گشتی هەیە.



پێشمەرگە هەرگیز خۆی و خاک و خەڵکەکەی بەدەر لە یەکتر نازانێ و باوەڕی قووڵی بە لێک گرێدراوەییەکی هەرمانی لەگەڵ چەمکە پیرۆز و پێکهێنەرەکانی وجوود و ژیانی دا هەیە و بەردەوام لە ڕێبازی خەبات لە پێناوی سەروەریی نەتەوەکەیدا دەژی.

پێشمەرگەبەواتای بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ئازار و چەوسانەوە و ستەمێکی گشتییە و لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی دا گیان لەسەر دەست بەرەورووی مەرگ دەبێتەوە. هەر بۆیەش گەلەکەی هەردەم، چ کاتێک کە هەورازەکانی ژیان دەبڕێتەوە و چ کاتێکیش کە مردن دەستەمۆ دەکا و وێنای شەهادەت دەبەخشێ، لەسەر دەستیان دایدەنێن و لە ئامێزی دڵی دەگرن. پێشمەرگە ئەو ڕووبارەیە واتا بە دەریا دەبەخشێ. پێشمەرگە ئەو ڕێبازەیە ئامانج دەنرخێنێتەوە. پشکۆی چاوە بڕکێی دڵ و هەناسەی سەوزی بەهارە.

پێشمەرگە پاساوی ڕەشەمە و دەلیلی خاکەلێوەییترین چرۆی درەختی ژیانە. وێنای بەردەوامیی بوونە و تەنانەت لە ئاوابوونیش دا دووبارە لە دایک دەبێتەوەو لەگەڵ گوڵاڵە سوورەکانی بەهاری لە ئاسۆدا دەڕوێتەوە. پێشمەرگە ڕەمزی گۆڕانە و هیوای بەرزی سەرکەوتنە. تیشکی گەشی خۆرەتاوە، کەڕەنای بەیان لێدەدا و ترێفەی مانگەشەوانە، مۆژدەی ئازادی دەبەخشێ و گزینگی کازێوەیەکە، خۆزگەی ژیان دەچڕێتەوە. ئەرێ، ڕۆڵەکەم گیان! وەکچوون دوکتور قاسملووی نەمریش دەیگووت «پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەڵە».

## سروودی کوردستانی خوێناوی

**«سەعید سوڵتانپوور»**

نا،
بێگومان ئەو بەرزاییەم
لە شۆڕ بوونەوەی قامچیی خوێناوی دەست کەوتوە
دەمزانی
خۆڕاگری لە ناخی بێدەنگی دا
ئازادییە،
لەو دەمەدا، کە فەوارەی هاوارێکمان
لە ناو گۆڕەپانی شاردا هەڵبەستبێت.
ئەگەر دیدارێك لەگەڵ هاوڕێدا نەبێت،
هێشتا، ئەستێرەی پشت پەنجەرەی ژووری بەندیخانە
ئاگری جگەرەیەکە
کە درێژایی شەو کورت دەکاتەوە
شەو۔ کە وەك جگەرەیەکی گەورەی گەڵا،
دەبێتە دووکەڵ
شەو، کە کەوتۆتە نێوان ددانی پێشمەرگەوە *
ئاخ، ئاخ،
جارێکی تر دەبێ چاوم بە «ڕووبار» بکەوێت
«ڕووبار» ۔
کە بواری بە خۆم و تفەنگ و مەتارەکەم دا،
«ڕووبار» ۔
کە خوێنی سەر گوللەکەمی شۆردەوە۔
جارێکی تر دەبێ چاوم بە «ڕووبار» بکەوێت،
«ڕووبار» تێپەڕ بکەم و
لە «بانە» و «قەسری شیرین»
تەقە لە تفەنگم بێنم.
گوللەی من چییە؟
گوللەی من چییە ئەی برای پۆڵایین؟
گوللەی من چییە،
جگەلە ئەستێرەیەك
کە هاواری تۆڵە سەندنەوە دەکات و
هێرشکەری وەحشی
لە ئاسمانی «بانە»وە
بەسەر گاشەبەردەکانی «سەقز»دا دەتەقێنێتەوە
گوللەی من چییە؟
ئەستێرەکانی «بۆکان» دەدرەوشێنەوەو
پیاوانی عەشیرەت
لە ژێر ئەستێرە سوورەکاندا
حەماسەتی چیایی دەچڕن
دەزانم کە براکانم
لە «ڕووبار» تێپەڕیون
دەزانم کە دەنگی باران
لە نیشتمانی کەونمدا دەنگی داوەتەوەو
گوڵە لاولاوەکان
لە کەلەوا کۆنەکاندا
لە خەو رادەپەڕن
وا ئێستا،
براکانمن کە دێن و
لە ریزی ئاگر تێدەپەڕن
وا ئێستا دیواری کۆنکرێت
تێك دەڕمێ و
هەموو ئاسمان
دەڕژێنێتە ناو ژووری زیندانەوە
لەشکرێکی خوێناوی
لە «ڕووبار» تێدەپەڕێت و
گۆرانیی خۆماڵی دەچڕێت.

**وەرگێڕان: برایم فەرشی و ئەنوەری سوڵتانی**

## «شەمبەلیت»

**وریا**

بەپێی زانیارییەکان دەڵێن سایتی «ویکی لیکس» ئاشکرای کردووە لەم ماوەیەی ڕابردوودا «خاڵەدزە»یان لە نێوخۆی وڵاتدا دیوە کە بە شێوی ئاشکرا و نهێنی هەڕەشەی توندی لەو کەسانە کردووە کە گۆیا لەو چەند مانگەی ڕابردوودا سەردانی «بۆئێنوس ئایرێس» یان کردووە و گومانی ئەوەیان لێدەکرێ بە درۆ لەگەڵ شەخسی «مارادۆنا»ی ئەفسنووناوی دا کۆ بوونەتەوە و «شەمبەلیت»یان لەگەڵ خواردبێ.

هەر لەم پێوەندییەدا بە دەیان سەرچاوەی نێوخۆیی و دەرەکی بڵاویان کردۆتەوە کە خودی جەنابی «خاڵەدزە» بە سەدان سوێندی مەتڵەقی بە هەزار شێخ و مەلا خواردووە و دەڵێ خۆ ئەو کابرایە چاومانە، بەڵام هەر بەو چاویلکانەی قەسەم ئەوکراسەی من هەر بۆخۆشم بۆم هێنا، وەڵڵا ئیمزای پێوەنە بوو. ژمارەکەشی «١٠» نەبوو، سیفر «٠»بوو. «خاڵەدزە» ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە ڕەنگە لە نێوان ئەم دوو مرۆڤە کورتە باڵایەدا جورێک لە جۆرەکانی دڵداری و خۆشەویستی یان شتێکی لەم چەشنە هەبووبێ و بەشەرمێکی سەگانەوە دەڵێ ئەیرۆ ماڵی خەزوورانم، لە بەر قسەی بەدخواهانم! ئاخر «مارادۆنا»یەکی قوڵەخڕەی ئارەق خۆری قژبژی چەپ لەگەڵ ئەو تەیری گەرمێنەی ئێمە، کجا مرحبا؟!

«خاڵەدزە» ئەوەشی پێشتراست کردەوە کە ئەو کراسە لە ڕاستیدا لە لایەن یەکێک لە خوشکە بەسیجییەکانی سەر بە ڕێکخراوی فێمێنیستیی «خواهران زینب» لە دەرەوەی وڵات بەناوی «مادۆنا» بۆ جەنابیان بە دیاری ناردراوە. کەچی بە هۆی هەندێک هەڵەی تەکنیکی و ئەتنیکیشەوە لە کاتی تۆماری کۆمارەکەیدا ئەو «را»یەی پێوە زیاد بوو کە بە داخەوە نارەزایەتیی ڕای گشتیی لێکەوتۆتەوە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 549 21 Desambr 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

# کۆچی دوایی
## مێژوونووسی کورد ئەفراسیاو هەورامی لە شاری مۆسکۆ

دوکتوور ئەفراسیاو هەورامی لێکۆڵەری مێژووی کوردو شارەزای بواری مێژوو لە وڵاتی رووسیە کۆچی دوایی کرد.
ماڵپەری ٢٤ کاتژمێر بڵاوی کردۆتەوە کەنووسەرولێکۆڵەرەوەی مێژووی کورد دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی کە چەندین بەرهەمی بە نرخی لە دوای خۆی بەجێ هێشتوە، چەند رۆژ لەوە پێش و لە مۆسکۆ پایتەختی وڵاتی رووسیە کۆچی دوایی کردوە.
دوکتور ئەفراسیاو هەورامی کۆمەڵێک بەرهەم و بەڵگەی بەنرخی سەبارەت بە کۆمەڵەی (ژ.ک ) و حکوومەتی کوردستان و مەسەلەی کورد لە ئارشیڤەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوودا ئاشکرا کردوە و بە زمانێکی پاراو لە رووسییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.
کۆمەڵێک لەو بەرهەمانەی ئەم لێکۆڵەرە کوردە کە لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە بریتین لە، کورد لە ئەرشیڤی روسیە و سۆڤیەتدا کە (کۆمەڵە دیکۆمێنتێکی نهێنی لە سەر کێشەی کورد)، رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شۆرەویدا، مستەفابارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی سۆڤیەتدا، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤیەت.



# لە دیدارێکم دا
## لە گەڵ چەند لاوی بەهرەمەند

سمایل شەرەفی

لە گەڵیان دانیشتن و گوێ گرتن لە بۆچوونەکانیان، بینینی کاری پەنجە رەنگینەکانیان و گوێدان بە دەنگە رەسەن و پڕ لە هەستەکانیان شەوی پێ نیوەکردین، بێ ئەوەی هەست بە تێپەڕینی کات بکەین. تەمەنیان لە دەوروبەری ٣٠ساڵ، لەوانەیە کەمتر یان ساڵێک زیاتر. منێک کە زیاتر لە دە ساڵە رۆژهەڵاتی کوردستانم بە جێ هێشتووە، لە گەڵ ئەوەدا کە تا ئەو جێیەی بۆم لوابێ نەمهێشتووە لە واقعیەتەکانی نێو کۆمەڵگاکەی خۆم دوور بکەومەوە، بەڵام دانیشتن لە گەڵ ئەم لاوانە و گوێ راگرتن لە قسەکانیان و بینینی کارەکانیان، گەلێک پەیامی روونتر و واقعبینانەتری بۆ من تێدا بوو. لە یەکەم هەڵسووکەوتی ئەمانە لە گەڵ ئێمەدا بە تەواوی وجودەوە هەستم پێکرد کە خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان تا چەندە لە ژیانی رۆژانەی ئەم خەڵکەدا بۆتە مەسەلەیەکی لە بیر نەکراوەو لە هەمانحاڵدا ئەم خەڵکە چەندە بە نیسبەت بارودۆخی نادڵخوازی حیزبەکانیانەوە نیگەران و دەم بە رەخنەو گلەیین. ئەم چەند لاوە کە کاری موزیک و گۆرانی و بەگشتی کاری هونەرییان دەکرد، پێش ئەوەی باس لەو دنیای پڕ لە کێشەی کاری هونەری خۆیان لە ژێر سایەی رێژیمی دوژمن بە موزیک و شادی دا بکەن، بە ئاگادار بوون لە وردەکاریی کێشەکانی نێوان حیزبەکان بە نیگەرانییەوە داوای وڵام و چارەسەری کێشەکانیان دەکرد. کە بە زمانێکی رەخنەییەوە لە وڵامە ونبووەکانی پرسیارەکانیان دەگەڕان و ناوە ناوە زەروورەتەکانی یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستییان وەبیر دەهێنایەوە، بە جوانی دەردەکەوت کە بەرەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان چەندە لە بەدواداچوونی رووداوکاندا وردەو چەندە لە بەرانبەر داهاتووی نەتەوەکەیدا خەمخۆرانە دەروەستە.

کاتێک کە وازمان لە سیاسەتکردن هێناو باسەکەمان کەوتە بواری هونەرییەوە، دیسانیش ناچار بووین پەیامی تازەتر لەم لاوە بەهرەمەندانە وەرگرین. ئەوان باسیان لە جموجۆڵێکی مودێرن و ئاکادمیکی هونەری دەکرد کە هەر ئێستا خەریکە لە شارەکانی کوردستان و ئەویش لە سەر دەستی هونەرمەندانی لاوی کورد بەرێوەدەچێ. باسیان لەو هیمەتە شەخسییانە دەکرد کە سەرەڕای گوێپێنەدانی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان دا، نەیانهێشتووە موزیک و گۆرانیی کوردی بمرێ.

باسیان لەو دەیان و سەدان مامۆستا هونەرمەندە دەکرد کە بە کردنەوەی فێرگەی موسیقیی کوردی لە شارەکانی کوردستان، کار لە سەر گۆرانی رەسەنی کوردی دەکەن. باسیان لەو دەیان و سەدان ستۆدیۆیە دەکرد کە لە لایەن خودی لاوانی کوردەوە بۆ تۆمار کردنی دەنگی هونەرمەندان بە شێوەی پرۆفشناڵ و هەروەها زەبتی مەتنی فیلمە دیکۆمێنتارییەکان و دوبلاژە کوردییەکان، بنیات نراون. بە شێوەک کە هەر وەک باسیان دەکرد زۆربەی کاناڵە کوردییەکانی باشووری کوردستان چەندین پرۆژەی جیدیی هونەرییان بۆ کار لە سەر کردن تەحویل داون.

کاتیک کە لە دوایین ساتەکانی پیکەوە بوونمان دا بۆ زاخاوی مێشک پەنجە رەنگینەکانیان خستە سەر ئالەتەکانیان، یەکەم ریتمی موزیکیان سروودە دوژمن شکێنەکەی «ئەی رەقیب» بوو. دواتر «وەتەن»ی سمایل ئاغای چەوگالی و پاشان چەند کۆپلەیەک لە بەرهەمە نیشتمانییەکانی پێشمەرگەی هونەرمەند، نەمر حەمە جەزاو دواتریش گۆرانییە رەسەنەکەی «ئامۆزا گیان».

ئەو شەوە بۆ من شەوێکی لە بیر نەکراوە: ناوەرۆکی گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندانە ئەو پەیامەی بە من دا کە بە پێچەوانەی هەمووی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە رێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رووی فەرهەنگییەوە بۆ سڕینەوەی زمان، موزیک و هەروەها خاڵی کردنی گۆرانی و موسیقی کوردی لە هەموو مانایەکی نەتەوەیی دەیدا، بەڵام لە کاری هونەری لاوانی ئەمڕۆی کوردستان دا وێڕای پاراستنی رەسەنایەتی دەنگ و موزیکی کوردی، رۆحی نەتەوایەتی زیاتر لە جاران بە کارەکانیانەوە دیارە.

# دەستنیشان کردنەوەی کەیهان کەلهور
## بۆ چوارەمین جار وەکو کاندیدی خەڵاتی گرامی



کەیهان کەلهور، ئاوازدانەر، مامۆستای موسیقی و ژەنیاری ناوداری کورد بۆ چوارەمین جار وەکوو کاندیدی خەڵاتی «گرامی» دەستنیشان کرا کە بە خەڵاتی ئۆسکاری موسیقای دنیا دەناسرێ.
کەیهان کەلهوڕ کە پیشتریش لە رێگەی ئالبۆمەکانی «بە بێ تۆ هەڵناکەم»، «هاوار» و «غەزەل» بۆ ئەو خەڵاتە کاندید کرابوو، ئەمساڵیش لە رێگای ئالبۆمی «سەرووتر لە نەخشەی جۆغرافیا» بۆ خەڵاتی «گرامی»، ناودارترین خەڵاتی دنیای موسیقا کاندید کراوە.
نوێترین ئالبۆمی ئەو هونەرمەندە بە ناونیشانی «سەرووتر لە نەخشەی جۆغرافیا» لە بەشی مۆسیقای کلاسیک دا کاندید کراوە. ئاوازەکانی ئەو ئالبۆمە کە بە ئالبۆمی گرووپی مۆسیقای رێگای ئاوریشم دەناسرێ، بەرهەمی هونەریی کەیهان کەلهور، مامۆستای مۆسیقیی کوردە و کەیهان کەلهوڕ لەو ئالبۆمە دا وەک ژەنیاریش دەرکەوتوە.

# بڕیاری وێرانکردنی ٣٥ شوێنەواری
## مێژوویی و کلتووری



بە پێی راپۆرت هەواڵدەرییە نێوخۆییەکانی ئێران دیوانی عەداڵەتی ئیداریی وڵات کە بە رەزامەندیی رێکخراوی میراتی کلتووریی ئێرانی ٣٥ شوێنەواری گرنگی مێژوویی و کلتووری ئێرانی لە ریزی شوێنەوارە نیشتمانییەکان دەرهاویشتووە، کاردانەوە و نارەزایەتی دەربڕینی کارناسانی شوێنەوارە مێژووییەکان و کۆمەڵگای لایەنگرانی میراتی کلتوریی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە.
کۆمەڵێک لە مافناسانیش بە دەرکردنی راگەیەندراوێک رایان گەیاندوە کە هەر لە جێدا دیوانی عەداڵەتی ئیداریی وڵات سەڵاحییەتی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی شوێنەوارە مێژووییەکانی نیە و ئەو بڕیارەیان بە دژی بەرژەوەندییە کلتوریی و مێژووییەکانی ئێران لێک داوەتەوە.
یەکێک لەو شوێنەوارانە « سرای قاجاری دلگشا» لە بازاری تاران بوو کە هەر دوابەدوای ئەوەی بە بڕیاری دیوانی عەداڵەتی ئیداریی وڵات لە ریزی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران هاتە دەرێ، دەسبەجێ وێران کرا و قەرارە پاساژێک لە شوێنی ئەو شوێنەوارە دروست بکرێ.
شایانی باسە کە لە حاڵێک دا ئەو ٣٥ شوێنەوارە بە بڕیاری دیوانی عەداڵەتی ئیداریی وڵات لە ریزی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران هاتوونەتە دەرێ، کە سەدان شوێنەواری مێژوویی کوردستان هەر لە جێ دا نەخراونەتەوە ریزی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران و بەوەش هەموو کارئاسانییەک لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ کاول بوون و وێرانەبوونی ئەو شوێنەوارە مێژووییانەی کوردستان کراوە.

# خاوەن بەرهەمی
## «پلینگی سوورەتی» کۆچی دوایی کرد



بلیک ئیدواردز، دەرهێنەری ئەمریکایی، دوای بەربەرەکانییەکی دوورو درێژ لەگەڵ نەخۆشی (ذاتالریە) رۆژی چواشەمەی رابردوو لە ئەیاڵەتی کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کرد.
لە فیلمە بەناو بانگەکانی بلیک دەتوانین ئاماژە بە فیلمەکانی پلینگی سوورەتی، قاواڵتی لە تیفانی و گوند بکەین.
بلیک سەرەڕای ئەو هەموو ناو بەدەرەوەییەی قەت خەڵاتی ئۆسکاری نەبردەوە، بەڵام ئاکادیمیای ئۆسکار ساڵی ٢٠٠٤ بۆ رێزگرتن لە چالاکی و زەحمەتەکانی لە بواری سینەمادا خەڵاتی ئۆسکاری تەمەنێک دەسکەوتی سینەمایی پێ بەخشی.
ئێدواردز کاتی مردنی بە ئەکرانێکی موزیکاڵ لەسەر فیلمی سینەمایی «پلینگی سوورەتی» خەریک بوو و ئامادەکارییەکانی بۆ فیلمێکی دیکەی کۆمێدیش تەواو کردبوو.
یەکەم فیلمی گرنگی ئیدواردز «ئۆپراسیۆنی پێڵ کوت»بوو، پاشان «قاواڵتی لە تیفانی» بەرهەم هێناو لە ئاکامدا ساڵی ١٩٦٣ فیلمی کۆمێدی «پلینگی سوورەتی» ئافراند کە ئێستاش یەکێک لە بەرهەمە بەرچاوەکانی جیهانی سینەمایە.
بلیک ئیدواردز ساڵی ١٩٢٢ لە ئەیاڵەتی ئۆکلاهاما لە دایک بوو و چالاکی سینەمایی خۆی لە ئەکتەرییەوە دەست پێ کرد.

# بەرێوەچوونی فیستیڤاڵێ باباتاهیری لوڕ
## لە شاری سلێمانی

بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی و سەنتەری هاوبەشیی لوڕ فستیڤاڵێکیان بۆ رێزگرتن لە شاعیری ناوداری کورد بابا تاهیری لوڕ لەژێر دروشمی «باباتاهیر سەمبولی مێژووی ئەدەبیمانە« بەرێوە برد.
لەم فیستیڤاڵە دوو رۆژەیەدا کە رۆژی سێشەممە، ٢٣ ی سەرماوەز دەستی پێ کرد، ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و حیزبی و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ئەدەبدۆستی شاری سلێمانی بەشدار بوون.
لە دەستپێکی رۆژی یەکەمی ئەو فستیڤاڵەدا وتاری سەرپەرستی فیستیڤاڵ خوێندرایەوە و دواتر جەبار یاوەر، سەرۆکی سەنتەری هاوبەشیی لوڕ وتارێکی بەو بۆنەوە پێشکەشکرد.
پاشان لەرێگەی ئامێری «سینەما ڤیژن»ەوە چەند تێکستێکی شیعریی باباتاهیری هەمەدانی لەگەڵ چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی پیشانی ئامادە بووان درا.
لە بەشێکی دیکەی یەکەم رۆژی ئەو فستیڤاڵەدا گرووپی موزیکی لۆرچەند گۆرانییەکی لورییان پێشکەشکرد کە سەرجەمی شێعرەکانی ئەو بەرهەمانەیان لە هۆنراوەکانی بابا تاهیر وەرگرتبوو.

